فیکر و کێشە فیکرییەکان لە فەزای دەقی ئەدەبیدا.. بۆند باجەلان

چەمکی دەق و دەزینەوەی پێناسەیەکی گشتی بۆ دەق بەر لە نووسینی دەق، پێویستی نییە و دەکرێ بەبێ ئەوەی لە خۆمانمان پرسیبێ دەق چییە، قسە لەبارەی دەقەوە بکەین و چەندین دەق لە ئاست و بواری جیاجیادا بنووسین. کردەی نووسین خۆی گوزارشتکردنە لە مانا و پێناسەی دەق. (پۆل ێیکۆر) پێی وایە دەق گوتارێکە لە ڕێگای نووسینەوە نەبێت, ناچەسپێت. لەو ڕوانگەیەوە قسە لەبارەی چیرۆکێکەوە دەکەم کە (منارەی ئاوەدانی)یە، بەبێ ئەوەی پێناسەی چیرۆکم کردبێت. ئیشی چیرۆک کردنەوەی نیشتمانێک نییە بە ڕووی دنیادا. ڕەشنبیران لە (یابان) هاوڕان لەسەر ئەوەی بنەماڵەی (میچی) فاکتەری کرانەوەی یابان بوون بە ڕووی شارستانیەت و ڕەشنبیریی ڕۆژئاوادا نەک هونەر و چیرۆک و نووسین بەگشتی. (منارەی ئاوەدانی) بە وەستگە و ئایدیا و میتۆدێکی دیاریکراوەوە نابەستمەوە، هاوکات دژی ئەو ترادسیۆنە دەگمایانەم کە ئەدەب پڵڕن دەکەن.

میتۆدەکان لە ڕێگای ئەو مەعریفەیەی هەیان گرتووە، لەسەر گرفت و کەڵێنی میتۆدی بەر لە خۆیان ئیش دەکەن. میتۆدخوازی خانەبەندکرنی ئەدەبە، ئەمەش زوەمکردنە لە دەق. بەرهەمەکانی (ساموێل بێکت) دەدرانە پاڵ مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم، بەڵام مۆدێرنیزم و پۆستەکەی لە گۆڕانن، کەچی هێشتا دەقەکانی ئەو نووسەرە خوێنەری خۆیانیان هەیە و جێگیرن. (دیستۆڤسکی) دەقەکانی بە نەیاری ڕەوتێکی ئەدەبی دادەنران و (لینین) لە بیستەکاندا گوتبووی ڕقی لە خاوەنی ڕەمانی (برایانی کارامازۆف)ە. (لینین) کۆتایی هات و (ستالین)یش بەدوایدا، بەڵام دەقەکانی (دیستۆڤسکی) ئێستاش دەخوێندرێنەوە و لای هەندێک بە سیمبوڵ و سوپەر ناودەبرێن.

بەشێک لە کلاسیکیاتی چیرۆکنووس و ڕەخنەگر ئەو کاتە خۆی مانیفێست دەکا کە ئیش لەسەر سۆز دەکرێ. نزیکبوونەوە لە سۆز بە مانای دوور کەوتنەوەیە لە شوناس (مەبەست لە سۆزێکی نائەقڵانییە، چونکە زۆربەی سۆزەکان لە بۆشاییدا دروست نابن و بۆ فیکرێوە دەبەسترێنەوە). شتە چەسپاوەکانیش سوود لە سۆز وەردەگرن. مەرج

نییە قووبوونەوە لە هەموو بابەتە هزرییەکان و گەانەوە بۆ لقە ئازەکانی فەلسەفە و گەان بەدوای یاساکان بەبۆ ەچاوکردنی پرەنسیپی یاسایی بۆ قسەکردن لەبارەی چیرۆکۆ بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی (کاروان کاکەسوور) دەیاننووس، پۆیست بن (لرانەدا باسی یاسا دەکەم و باسی فیکر ناکەم، چونکە یاساکان بەرهەمی سز و فیکرن و سزیش وەکو بەشکی دانەبۆاو لە فیکر باسی کراوە).
چیرۆکنووس بەبۆ بوونی خونەری جدییش دەتوانۆ زۆرجار داهنان بکا. دژی ئەو بۆچوونەی (عەبدولموتەلیب عەبدولا)م کە پێی وایۆ داهنان ئەو کاتە دەردەکەوۆ کە ئامادەگیی هشیارانەی خونەر و بیرکردنەوە و چژی خوندنەوە بوونیان هەبت و داهنان بۆ بەشداریی خونەر لەنگە. (عەبدولموتەلیب) ئاستی داهنانی بەستتەوە بە ژەی خونەرەوە. ئەو بۆچوونە کوشتنی داهنانە وەکو چەمکک و سەندنەوەی ئازادییشە لێی وەکو کردەیەک. داهنان پۆیستی بە ئامژگاری و سنوور نییە. ئەمە بەتاۆ کردنەوەی وزەی داهنانی پۆ دەن.
چیرۆک وەکو ژانرکی ئەدەبی، زۆرجار لقی زانستی و فیکری و کەکەی هزری مدرنی لۆ دەبتەوە. بۆ لدوان لەبارەی چیرۆکگەلکی لەو شوەیەوۆ، ئەوەندەی پۆیستیمان بە دزینەوەی توخمە چیرۆکییەکان و لکنینەوە و خوندنەوە و اقەکردنی دەقە ئەدەبییە جراوجرەکان هەیە، دوو ئەوەندە پۆیستیمان بە گەانەوە هەیە بۆ ووتکردنی زەینی و سەرچاوە فەلسەفی و ئایینی و ئایدلژی و کمەناسی و زانستییەکان بەگشتی. بە خوندنەوەی هەندک چیرۆک، دەگەینەوە بۆ گەردون و نهنییە گەردونییەکان، ئەمە بۆ ئەو چیرۆکانەی گرنگی بە ووداوە بینراوەکان ددن و کەمتر ئیش لەسەر ئەفسانە و خەیاۆ دەکەن، ئەو چیرۆکانەشی لە دەرەوەی گەردونەوە سەرچاوە دەگرن و وەکو چیرۆکی ناواقیعی پناس دەکرن و جگیرمان دەکەن لەناو ئەو فەزایەی چیرۆکەکەی تدا دەخونرتەوە.
جگیرکردنەکە زادەی گەان و ئاشکراکردنکی بەردەوام بووە لە سەرتادا، فرە جرک لە هگریمان دەکەن بە بابەتە سەیر و نامکان و تەسک کردنەوەی بازنەکانی واقیع، بۆ ئەوەی لەو گەیەوە بەرەو کامبوونی ئەدەبیاتمان ببەن, چیرۆکنووسەکەش هەوۆ دەدا وەکو بهیمی یان پشەنگ دەربکەوۆ. (ربەرت مزیل)ی چیرۆکنووس لە چاوپکەوتنکدا دە: ددان بەوەدا دەنم کە ئەوەی دیرۆکی نییە، من لە بەردەمی ووداوە واقیعییەکاندا نیم، دەتوانین لەبری ئەوان ووداوی تر بگینەوە.
(مارکیز)ی ماننووس لە مانکیدا پەنای بۆ سەرچاوەی شوەکاری بردووە. مارکیز لە تەمەنی 9 سایدا گەشتک بەنو ووباری

(مەجدی نیا)دا دەکات و لە ڕۆمانی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرا)دا دووبارە بۆ ئەو گەشتە و دیمەنەکانی ئەو ڕووبارە دەگەڕێتەوە. (مارکیز) پێی وابوو شۆڕەکارەکان وێنەی ڕووباری (مەجدی نیا)یان جوان کێشاوە. (کاروان)یش لەم چیرۆکەدا دیمەنە جوانەکانی ئەوروپا بەلاوە دەنێت و بۆ وێنەیەک دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵات کە وێنە منارەی چڵیسە. سەرەتای چیرۆکەکە ئاوایە:
لە کاتێکدا دەستت لەناو قوڕەکەدایە و دەتەوێت ئەسپێک بۆ (ئالان)ی خوشکەزات دروست بکەیت، خۆشت نازانی بۆ بیر لەوە دەکەیتەوە، کە تۆ ئەوەتا وا تەمەنت لە چل تێدەپەڕێت و هێشتا منارەی چڵیت لە نزیکەوە نەبینیوە.
چیرۆکی (منارەی ئاوەدانی)ی (کاروان کاکەسوور) ڕاڤەیەکی دیکەی جیاوازی داهێناوە بە پشت بەستن بە زمانی ئەرگینا. لە ڕۆگای چیرۆکەکەوە جیاوازی لە نێوان چیرۆکی مەعریفی و ئیبداعی و چیرۆکی پەرپوتدا دەبینین. دەقەکە ورد نووسراوە و ڕەچاوی وردبینیی مەعریفی کراوە و پێمان دەڵێ کەهەکەبوونی شتە دووبارەکان ئاماژەن بۆ فیکرێکی تەسک و نووتەک و سەرچاوەیەکی شێواو و تەسلیمبوو بە هیچ. (سەلامە موسا) کە نووسەرێکی مسریە و بەرهەمی دیاری هەن، وای داناوە کە نابێ نووسەر لە دەربڕینەکانیدا وردبینی مەعریفی لە بواڕەکانی فەلسەفە، ئەدەب، ئەخلاق ڕەچاو نەکا.
چیرۆکەکە پێشکێش بەو کەسە کراوە کە وای لە چیرۆکنووس کردووە بۆ ناچاری واز لە یاریی تۆپی پێ بهێنێت. وازهێنان لە تۆپی پێ بە بۆ مردنی ئەو حەزە لە ناخدا، وازهێنانە لە کردەیەک بە قسەی جەناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاک، قسەیەک هێندە کاریگەریی دەبێت، تۆپ دەبێتە بۆمبێکی دانراوە، بەنام فوتبالێ وەکو هونەرێکی نزیک لە چیرۆک و ئەدەب و فیکر و جوانی، لە ناخیدا ڕەگی خۆی قایمتر دەکا:
پێشکەشە بەو هاوڕێ یاریکەرەم، کە لە بەهاری 1982 لە ستادیۆمی هەولێر لە بەرچاوی دەیان کەس گاڵتەی پێ کردم و پێی وتم: (بڕۆ واز لە تۆپ بێنە، چونکە تۆ نە لە تۆپ تێدەگەی و نەدەزانی شووتی لێ بدەی)… هەر بە ڕاستی لەو کاتەوە من نەمتوانی یەک شەقی تر لە تۆپ هەبدەم و وازم لە تیمەکەمان هێنا، بەنام ئەوێ وای لێ نەکردم لە خەیاڵی خۆمدا دەست لە یاریی فوتبالێ هەڵگرم.
ئەو چیرۆکە قسەکردنە بۆ ئەویتر، بەنام هەست بە خودئاگایی و بڕیاریی نووسەرەکەی دەکەی لە قەیرانەکان، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ گرانکارییەکانی ئەدەبیات کە دەرەنجامی قەیرانەکانن. دوای شکستی شەڕش، ئەدەبیاتی کلاسیک لە دەقەکانی (شارل بۆدلێر) و (گوستاڤ فلۆبیر) چۆ بۆوە کە پێ بوون لە کێشە و قەیران. (سارتەر) باوەڕی بە کاریگەریی بیرگرافی هەبوو لەسەر دەق و پێی وابوو ئەو نووسەرەی

خودئاگایانە دەنووسێ بەرەو جۆرێک لە عەقڵانییەت دەچێت. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سارتەر ناکۆکم، بەتایبەتی کە ئێستا خەریکم قسە لەبارەی چیرۆکی منارەی ئاوەدانییەوە دەکەم و هیچ عەقڵانیەتێک نابینم.
(کاروان) باسی قەیرانی مەملەکەتێک دەکا لە دەرەوەی ئەو مەملەکەتە. کاتێ ئەو چیرۆکە دەخوێنینەوە و دواتریش دەبیستین نووسەرەکەی لە (دانیمارک) دەژیێ, تووشی شۆکێژان دەبین، ئەمەش جیاکەرەوەی چیرۆکی (کاروان)ە لە چیرۆکی (شەرزاد حەسەن، عەتا نەهایی، عەتا موحەمەد، یوسف عیزەدین و... هتد)
ئەگەر بەراوردێک لە نێوان (کاروان کاکەسوور) و (شەرزاد حەسەن)دا بکەین، دەبینین (شەرزاد) کێشەی بەردەوامی هەیە و نەیتوانیوە بە هەمان هەناسەی (حەسار و سەگەکانی باوکم) درێژە بە ئێزموونی نووسینی خۆی بدا، کاتێکیش دەگەینە سەر (خەونی جاجاڵۆکان و ژنێکی منگن), تووشی نائومێدی دەبین. بەردەوامی نەبووەتە کێشە لە بەردەم ئێزموونی نووسینی (کاروان)دا. (بەختیار عەلی) لە شوێنێکدا لەمەڕ بەرهەمێکی (کاروان)دا پێی وایە ئەگەر ئەو بەرهەمەی (کاروان) باشترین کەمەڵە چیرۆکیش نەبێت کە لەو چەند ساڵەی دوایی خوێندوویەتیەوە، ئەوا بێگومان یەکێکە لە باشترینەکان.
ئێستا کە من هاتووم قسە لەبارەی منارەی ئاوەدانییەوە دەکەم، ماوەیەکی زۆر بەسەر وتەکەی (بەختیار)دا تێپەڕیوە، بەڵام هەمان بۆچوون دووبارە دەکرێتەوە.
ناڕەم ئەو بۆچوونەی من تەواو عەقڵانییە، بەڵام دڵنیام لەوەی پێچەوانەکەی نییە. عەقڵانیەت لە پێناسە کۆنەکەیدا بریتییە لە پشتبەستنێکی قایم بە عەقڵ و نەگەڵانەوە بۆ واقیع و ئێزموون بە مەبەستی شی کردنەوە و گەیشتنە ئەنجام. مەبەستی من لە عەقڵانیەت ئەو بۆچوونە تەقلیدییە نییە، من باوەڕم بە گەڵانەوە بۆ واقیع هەیە. عەقڵانیەت (rationalism) لەلای (فاروق هەفیق)، ئەو قوتابخانە فەلسەفییە کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەی مۆدێرنیتە و پێگەیشتنی شانبەشانی ئێزموونگەرایی(empiricism) هاتە کایەوە. (فاروق) پێی وایە عەقڵانیەت ناوێکە بۆ کۆمەڵێک تیۆری جیاواز کە خاڵی هاوبەشی نێوانیان باوەڕە بە عەقڵی مرۆڤ کە دەتوانێ وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی ناو کایەی فەلسەفی بداتەوە، بەڵام من عەقڵانیەتم بۆ (منارەی ئاوەدانی) بە مانای گەڵانەوەیەکی هێواش بۆ عەقڵ بە کار هێناوە و ئەو ڕەهەندەم گەورەیەم نەبەخشیوەتە عەقڵی مرۆڤ.
مرۆڤ کە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە لە چلۆنایەتیی ناخ و نهێنییەکانی خۆی بگات، مەحاڵە بتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە گەورانە

بداتەوە کە فەلسەفە دەیانکات، مەبەستم لە گەورەیی پرسیارەکان لە ووی قەبارەوەیە نەک لە ووی بەهاوە. عەق لای من چیتر ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر نییە کە (فاروق) و بەشکی زۆری فەلسەفەکارەکانی ژئاوا بیان دیاری کردووە، بەتایبەتی لە مەسەلەی پەیوەست بەو بەشەی ئەدەبەوە. هەبەتە ئەوان ئەو ئەرکە بە ئەرکی قورس دانانێن، بەکو بە فاکتەری جووانەوەی عەقڵی دادەنێن, بە پێچەوانەوە من بە ماندووکردنکی بمانای عەقڵی دادەنێم و هیچی تر. دیسانەوە وتە بەناوبانگەکەی (کارل مارکس) دەهێنمەوە: بیرکردنەوە لە ناگەڵ بژیم.
بە قسەکردن لەبارەی ئەو دەقەی (کاروان)ەوە عەقڵم نەکردتە سەنتەر. ئەرکی عەق لە چیرکدا ئاشکراکردنی شتە پەنهان و نادیارەکان نییە بە پشتبەست بە کەرەستەی بەرجەستە. گەر وامان کرد ناچار دەگەڵینەوە بە ئەو غەریزانەی قاچکیان لە نادیارە و قاچکی تریان لە دنیادایە، بە مەبەستی فەراهەمکردنی ژیان و گەیشتن بە حەقیقەتی پێویستبوونی بوونی چیرک و غەریزەی مانەوە.
ئەو بچوونەی (شپنهاوەر) کە پێی وایە دەبە لە بەرامبەر بوونی جیهان شیوەن بگڵین نەک پێبکەنین، ەت دەکەمەوە. شیوەن گڵان بە بوونی جیهان بە شێوەیەک لە شێوەکان کەم کردنەوەی بەهای ئەدەب و چیرکە، بەتایبەتیش کە ئەو ئەرگمێنتانەی شپنهاوەر پشتی پێ بەستوون، لەگە ئەو ئەرگمێنتانە تک ناگرنەوە کە من بچوونەکانی خەمم پێ سەلماندوون لە باسەکانی پێشترمدا. پێشم وایە بچوونەکانی شپنهاوەر ئەنجامی نەبوونی هەند گوتاری سەرەکییە.
بیرکردنەوە وەکو یەکک لە جدیترین کایەکانی مەعریفە ناکوژنمەوە و بەهای کەم ناکەمەوە، بەام دەبت پرسیارە ئەدەبییەکان لە دەرەنجامی تگەیشتنی تەواو لە دنیای ئەدەب سەرچاوە بگرن.
مامەەکردن لەگە ئەو چیرکە تووشی وەسوەسەی بیاردانمان دەکا. بچوونەکانمان لە دڕکییەوە بە دڕکی تری دەگڵن، کاریگەریی چیرکەکەش لەسەر خونەرک بە خونەرکی تر جیاوازە. لەلای (رلان بارت) تکستی نووسراو زیاتر لە واتایەک هەدەگر و فرەدیو و فرەناوەرکە. واتاکەی لە خونەرکەوە تا خونەرکی تر جیاوازی هەیە. (دریدا) پشت بەست بە هەوەشاندنەوە و شبوونەوە بە نو هەیکەلیەتی زمان و گوتاری سەنتەریزمی لگسی خود سەنتەریدا، بە گومان بوو لەوەی دەق یەک واتا هەبگر، بکو ەچاوی خوندنەوەی جیاوازی بە دەق دەکرد. ئەمەش بناغەی فەلسەفەکەی (دریدا) و ئەو گڵانانە بوو کە لە هزری فەلسەفیدا ووياندا. بەمەش زەبرکی کوشندەی لە بونیادی گوتاری هزری و ئەپستمی ژئاوا دا.
من هەستم بە سادەبوونەوە و ژیان کرد لە دنیای نو چیرکەکە، بە

پێچەوانەی چیرۆکەکانی (کافکا) و (جیمز) کە دنیا لە چیرۆکەکانیان وەکو شتێکی ئاڵۆز و بەمانا دەردەکەوێ. جیاوازیی کافکا لەگەڵ جەمز لەوە دابوو، کافکا بە دوای مانایەک بێ دنیا دەگەڕا، بەڵام جەمز باوەڕی بە هیچ نەبوو. جیاوازیی دنیای (کاروان) لەگەڵ هەردووک نووسەر لە بوونی مانایەکە بێ دنیا، تەنانەت ئەگەر ئەو مانایە سەرچاوەکەی بەمانایش بێت. کوژرانی (ست ساماڵ) بە دەستی (ساماڵ)ی کوڕی و کوژرانی (قیان) لەسەر قسەی باوکی, مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دنیایان لە پشتە، لەناو کوشتنیشدا هەشتا دنیا هەناسە دەدا. نامەوێ (کاروان) لەگەڵ (کافکا) و (جەمز)دا بەراورد بکەم، بەڵکو دەمەوێ دەقەکانیان بەیەکدا بدەم، بێ ئەوەی لە ڕێگای ئەو بەیەکدادانەوە مانا مانیفێست بکەم. ئەو بەراوردکردنانە ئەگەر دەرەنجامیان نەبێت، ئەوەندەی زیانیان بێ دەق هەیە سوودیان پێ نەگەیاندووە.
چیرۆکەکە بەڕێ دروستکردنی ئەسپێکی قوڕینەوە دەست پێ دەکا. ئەسپی قوڕین دەکرێ وەکو دیاریکەری ژینگەی کەمەڵایەتی و ناکەمەڵایەتی و کاتی چیرۆکەکە چاوی لێ بکرێ. ڕاستەوخۆ بێ دیاریکردنی کاتی ڕووداوەکە ئیش نەکراوە و بایەخ دراوە بە لێکتەنراوی. بێ ئاشکراکردنی ناوی کارەکتەری سەرەکیش کە (زەرەڤان)ە، هونەرێکی دیکە بە کار هاتووە و چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ نەیگوتوە کارەکتەرەکەمان (زەرەڤان)ی ناوە:
ئەگەرچی تۆ تاکە ئیزەرق نەبوویت، بەڵام ئەو ناوە تەنها بەسەر تۆدا بڕا و هەر ئاوا بانگ دەکرایت… سەرەتا وات دەزانی وشەکە هەندێک لە ناوی خۆتەوە نزیکە، یان با بڵێین لەنێوان (ریزەرف) و (زەرەڤان)دا زەربەی پیتەکان هاوبەشن….

گرنگترین ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە دەقەکەوە:
ئەو کاتەی چەمکەکان جگە لە مانا بنەڕەتیەکانیان مانایەکی دیکەی دوور لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیانیان پێ دەدرێ، جۆرە گەمەیەکی زمانەوانی دێتە پێشەوە و چێژێکی ئەدەبی دەبەخشێ. وشەی (mach) کە بە مانای یاریی نێوان دوو تیم دێت، نزیک کراوەتەوە لە وشەی (ماچ)ی کوردییەوە. وشەی (coach) کە بەمانای ڕاهێنەر دێت، پەیوەندییەکی ئەدەبی بێ دروستکراوە لەگەڵ وشەی (کۆچ)ی کوردی. کەمەڵە چەمکێکیش زەق کراونەتەوە:

- **ترس و چێژ:**
  لە دەقێکدا پەیوەندییەک لە نێوان ترس و چێژدا هەیە. لە ترسان لەو چیرۆکانەی باسی منارەی چۆلی دەکەن تا ترسان لە

(ست ساما) که ماماستایه له یەکە لە قوتابخانەکانی کچان و بەهای لە سەدارەدرانی مردەکەیەوە بە بەردەوامی جلی هەش دەپۆشە، هاوکات چاژ وەرگرتن لە لایەنکی چیرکەکان و جوانیی (ست ساما). نەترسان نیشاندانی ئادگاری مرۆڤی ئاستەقینە نییە.

لای من شتێک نییە بە ناوی مرۆڤی ئاستەقینە و مرۆڤی وەهمی. (میشێل فۆکۆ) بەهای ئەو هەخنە بەهەزانەی ئاستەی کران، خەکی لە فەلسەفە ئادیکالییەکان دوور خستەوە، پێی وابوو شتەکان مرۆڤی ئاستەقینەن، چونکە شت دەرک بەو مەعریفەیە دەکا کە گەیشتن پێی ئەستەمە و شتێی لە دیاردەیەکی پزیشکییەوە کرد بە دیاردەیەکی کەمەایەتی.

بەچوونی من زیاتر لە وتەکەی (پاسکال)ەوە نزیکە کە پێی وابوو شتەکان تا ئەندازەیەک شتن، نکۆیکردن لەو شتییە بۆ خۆی جۆرکی تره لە شتی. (فۆکۆ) دەڵێ: شتێی هونەرمەند و ئەدیب لەودیو خەیاڵدانیەوە خۆی مەاس داوە. (زەرەڤان) شت نییە و چیرکەکەش شتانە شتێی نەگۆاوەتەوە. بوونی هەر هەفتارکی شتانەش لە چیرکەکەدا پەیوەندیی بەو ترس و چاژەوە هەیە کە پشتر باسمان کرد، نەک بە ئادەی ژیری و پیاوبوونەوە.

- **بوون:**

فیکری (هایدگەر) بە هەت کردنەوەی ئایدیاکانی (دیکارت) دەست پێ دەکا. کاریگەریی لەسەر فەلسەفە و میتافیزیکی ڕۆژئاواییدا هەبوو. بە بەردەوامی دەپرسی: بوون چییە؟ ئەو پرسیارەی لە سەردەمی (سۆکرات)ەوە تا سەردەمی (دیکارت) بە لاوە نرابوو. (هایدگەر) ئامادەگیی تێدا نەبوو دەست لەو پرسیارە هەڵگرت و دەیگوت ئەو کەسە فەیلەسوف نییە پرسیاری زەر و زەبەند دەوروووژێنێ و بەبێ وەام دەیانهێڵتەوە، ئەو کەسە فەیلەسوفە کە هەموو ژیانی بۆ تاکە پرسیارک تەرخان دەکا.

ئەنتۆلۆجیا لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بەهای بۆ گەایەوە. باسی بوون باسکی قووڵە و گرانەوەی مەحاڵە، بەبێ بوونی پێناسەیەکی گشتیی بوون (وجود) و عەدەممان کردبت بە دژی یەکترمان دانەاون. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چەمکە لە چیرکەکەدا مامەڵەیەکی تایبەتییە. (ئەرستۆ) پێی وایە بوون گشتگیرترین و هەمەکیترینە و دەکرێ بە فەلسەفەی یەکەم ناوی ببەین وەکو جیاکارییەک لەگەڵ فەلسەفەی دووەم کە زانستی سروشتە. لە چیرکەکەدا باسی بوون و پەیوەندیی مردووەکان

بەم دنیایەی ئێمەوە و هێنانەوەی مردووەکان لە منارەی چێی هاتووە.

- **کۆمەڵایەتیبوون:**

ئەگەر چیرۆکنووس بکەوێتە نێو نەستی کۆوە، مانای وا نییە کەوتبێتە ژێر کاریگەریی فیکری مێگەڵ و کۆنەپارێزانەوە. نزیکبوون لە کەسێک یان کەشێک مانای تێگەیشتن نییە لێی. (فوئاد ڤەقە)ی شاعیری لوبنانی کە وەرگری خەڵاتی گۆتەیە دەڵێ من زۆر لە گۆتەوە نزیک بوومە، بەڵام لێی تێنەگەیشتم، چونکە دەتوانم لە فەیلەسوف، شاعیر، زانا، پیاوی یاسایی تێبگەم، بەڵام تێگەیشتن لە کەسێک کە هەموو ئەوانەی لە خۆ گرتووە، ئەستەمە. منارەی ئاوەدانی پەیوەندیی بەو کەشوهەوا کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە نووسەر تێیدا ژیاوە، پێچەوانە لەگەڵ بۆچوونێک لە فەیلەسوفەکان کە پێیان وایە پەیوەندیکردنی بەها ڕۆحییەکان بە ئەدەبیشەوە بە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، مانای تێگەیشتی لاوەکیی ئەو بەهایە دەگەیەنێ.

- **ئەوین:**

ستوونێکی ئامادەیە لە دەقەکەدا، ئەوە ئەوین بێ منارەی چڵییە وا لە (زۆرەڤان) دەکا، دەست لە دروستکردن هەڵبگرێ و بەرەو دروستکراوێک کە منارەکەیە بچێت. ئەوین پەنهانە لە تێکستەکە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بوونی نەبێت. دیاریکردنی جۆری ئەو ئەوینە تێزێک زەحمەتە. (ستاندال) عیشق پۆلێن دەکا بێ جۆرەکانی: عیشقی پەرۆشی, عیشقی جوانیناسانە (aesthetic love)), عیشقی فیزیکی (عاشقبوون بە جەستە).

ئەوینی (زۆرەڤان) لە جۆری یەکەمەوە نزیکە. دوای چل ساڵ ئەوینی بینینی منارەی چڵی لە نزیکەوە لەلای سەرهەڵدەدا، ئەمەش کەکە لەگەڵ (سپیونزا) کە پێی وابوو ئەوین دەبێت ئاسوودەییەکی پشت بەستوو بە مەعریفە و هۆکارەکانی بێت. جوانی وەکو هۆکارێکی مەعریفە، بە شێوەیەکی سەربەست بوونی نییە، بۆکو بینینی بەستراوەتەوە بە شتە وەهمی و بەرجەستەکان بە دەقیشەوە کە لە نێوان وەهم و بەرجەستەکاندایە. مەرج نییە لەناو هەموو جوانییەکدا ویست لەناو بچێت.

- **خۆکوشتن:**

ئایا خۆکوشتن لەنێو چیرۆکدا تاوانە یان هەڵەیە؟ تازەگەریی ڕۆژئاوایی لەسەر فەردانیەت وەستاوە و ئەو فەردانیەتە ژنیشی گرتەوە, فەردانیەت کە زۆرجار وێستگەی گەیشتنە بە خۆکوشتن. ڕەخنەی (شۆپنهاوەر) لە یەهودگەرایی و زانا

یەهودییەکان لەوەدایە، خۆکوشتنیان حەرام کردووە بەبێ ئەوەی لە کتێبەکانیاندا حەرام یان حەڵاڵ کرابێ.
بەڵای (شێنهاوەر) خۆکوشتن ڕێگرە لە بەردەم زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ویستدا، بەڵام هەمان بڕچوونی (ئەرستۆ) و (ژان ژاک ڕۆسۆ) و (زەینۆن)ی هەیە کە هەر کاتێ مرۆڤ لە هەموو لایەکەوە پاڵی پێوە بنرێت بۆ خۆکوشتن و ئیتر ژیان بۆ ئەو قەفەسێکی داخراو بێت، دەکرێ خۆی بکوژێ. (شێنهاوەر) خۆکوشتنی بە تاوان دانەناوە و بە هەڵەی داناوە.
(ئەمیل دۆرکهایم) بڕچوونێکی تا ڕادەیەک نزیکی هەیە لە (شێنهاوەر). ئەو لە کتێبی (خۆکوژی)دا خۆکوشتن بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستێتەوە. (فرۆید) دەیگوت خۆکوشتن سەرەتای لە دایک بوونە. بە بڕچوونی من بۆی هەیە ئەو تێزەی (شێنهاوەر) بۆ دەقە ڕۆژئاواییەکان قسە هەبگرێ، بەڵام بۆ چیرۆکە ڕۆژهەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی (کاروان کاکەسوور و سادقی هیدایەت و مەحمود دەوڵەت ئابادی و عەزیز نەسین و... هتد) دەیاننووسن بایەخی نابێت، مەگەر نووسەر بیەوێ لە ڕێگای خۆکوشتنەوە بەهای خۆکوژەکە دیاری بکا، بیەوێ لە ڕێگای کوژرانی ژیانەوە جوانیی ژیان پیشان بدات (ماناکەی).

ژن:

ژن لە چیرۆکەکەدا یەکسانە بە (ڕۆح و جەستە). لە دەقەکەدا تەنیایی وەرسکەرە، بەڵام تەنیایی ژن کوشندەیە. تەنیایی کوشندە بە مانای مانەوەی تەنها لەگەڵ خود نایەت، بە مانای سڕبوون و متبوونی ئەبەدی دێت. ژنی سڕبوو تەنیایە، بەبێ ئەوەی حەز لەو تەنیاییە بکا یان بیری لێ کردبێتەوە. (ست ساماڵ و ڤیان) دیارترین نموونەن. بیرکردنەوە لە ژن بەرهەمی مەعریفەیە، واتە ئەوە مەعریفەیە ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ کە ژن وەکو کێشە سەیر بکرێ.
ژن وەکو کێشە لە بەردەم ئاراستەکردنە ناڕەواکانی پیاودا هاتووە. دەقەکە پێمان دەڵێ: بەهۆی بوونی ناکۆکییە فیکری و جیاوازییە میتۆدییەکانی نێوان ژن و پیاو، کارەکتەری ژن لەلای بەشێکی گەورەی پیاوانی دنیا، خەسڵەتی عیشقە مۆدێل و خودی پێ دراوە و زۆرجاریش لەو ڕوانگەیەوە پەراوێز خراوە.
تاقی کردنەوە و تەفسیرکردنی ڕەوتی ئایدیاکانی ژن، لە ڕێگای دنیابینی و مەرام و نیازی لێژیکناسە پیاوەکانەوە، زەمینەکە بۆ ڕامبەر ژن ئەنجام دەدرێ. پیاو قەت لە ژن و چڵنایەتیی ناخ و کێشە و مەعریفەی ژن تێ ناگا، ئەگەر لەو بازنە کۆنەی

هەیەتی دەرنەچێت و بۆیارەکانی باکگراوندێکی ژنانە لەخۆ نەگرن. لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری، فلتەرێک نییە بەشێک لە حەقیقەتی ژنبوونی لەخۆ گرتبێت، بۆیە بۆچوونە دروستەکان دەبنە دۆگما. لەو وێناتانەی نەتەوە جیاوازەکان تێکەڵبوونە و وێنات بەرەو پلورالیزمێکی کۆمەڵایەتی چووە، مەودای نێوان ژن و پیاوی هاونەژادی و هاونیشتیمانی لە کشاندایە. هێی تر کە ێێیان هەبووە لە دروستبوونی ئەو مەودایە، لاوازبوونی ئینتیمایە بێ ابردوو و تێادسیێن و هۆشیاریی مێژوویی.
بەگشتی لە دیدی تاکەکانەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ژنانەی بوونە بە دایک لەگەڵ ئەو ژنانەی هێشتا نەبوونەتە دایک. ئەو جیاوازییە لە چیرۆکەکەدا هاوار دەکا. زۆرن ئەو شاعیر و نووسەرانەی ئافرەتیان بە شەیتان داناوە و باسی دایکی خۆیانیان وەکو فریشتەیەک کردووە کە هیچ وزەیەکی ئەهریمەنی تێدا نییە. ئەمە لە وتاری (دایکانێکم هەن، میهرەبانترن لە گەڵای درەخت…)ی (ێێبوار سیوەیلی) لە پەرتووکی (نەتەوە و حیکایەتدا) بە ێوونی دەردەکەوێ.

-حەقیقەت:
چیرۆکەکە فەزا و زەمینەی ئازاد و فرەڕەنگ لە ناخی بونیاد و ستراکچەرەکان ڕەنگرێژ دەکا و ێووگە جیاوازەکان کەشف دەکا لە خەیاڵگە و ژێرخانی ئەدەبیدا. گەرەکیەتی دیدگا و ێوانینێکی ترمان پێ ببەخشێ بۆ چیرۆک. دەقەکە باتە ئەو فەزا ێوونەی تێیدا حەقیقەت بۆ نێو بیری وەهم شێ دەباتەوە، تاوەکو حەقیقەتی گەورە لە گۆشەیەکدا بەرجەستە ببێت. زۆربەی کەناڵەکانی گەرەکیانە خێیان بە جیاوازگەری و ئیستێتیکا و زەخرەفە و سحر بارگاوی و لێورێژ بکەن.
دواجار هەموو ئەمانە دەبنە پاشکۆی شتێکی گرنگ کە داهێنانە. دەقەکە سێ قاچی هەیە، قاچی یەکەمی لە ێێگای ئاشکراکردنی بچمی ێاستەقیەنەی حەقیقەتەوە بەردەوامی بە خێی دەدا، واقیع بە ژیرییەوە ێاڤە دەکاتەوە، ئەو قاچە دەکەوێتە نێو فەزایەکی یێتێپی و وەهمییەوە. قاچی دووەمی لە عەقڵدا ڕەگی خێی داکوتاوە و پەردە لەسەر واتا ئابێووبەرەکان و کۆد و مەرجە کۆنکرێتییەکان و مۆرالییەت و ئاکاری خەسڵەر و سکێچە تەماویەکان و ئەو بیمارستانەی تێیدا نامرین، لادەدا. نەمردن جیایە لە ژیان، نەمردن جۆرێکە لە ژیانکردنی خاێی لە جوانی. قاچی سێیەمی نادیارە و نازانرێ دەکەوێتە کوێ, بەڵام ئاماژەکان پێمان دەێن بوونی هەیە.

زۆربەی ڕەشنبیرانی کورد هەرکە گوێیان لێ ناوی (سادقی هیدایەت) دەبێت، وێنەی کەسێکی ڕەشبین لە ژیانیان دێتە بەرچاو کە خەی و کارەکتەری سەرەکیی نێو یەکێک لە چیرۆکەکانی بە غاز دەخنکێنێ، بەڵام لەو چیرۆکەی (کاروان)دا حەقیقەت هێشتا گەشە و تا ئەو شوێنە بێ دەکا کە درۆکان دەست پێدەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی حەقیقەتدا، (کاروان) سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

ئەفسانە (fable):

جیاوازی لە نێوان ئەفسانە و حەقیقەتدا ئەوەیە، ئەمیان حەقیقەت دەبینێ و ئەویان ئەفسانە. ئەفسانە جیاوازە لە درۆ, چڵنایەتیی حەقیقەت ڕۆژەی ئەو جیاوازییە دیاری دەکات. یەتڕپیا نزیکترە لە ئەفسانە وەک لە درۆ، بەڵام یەکسان نییە پێی. ئەفسانەکان هەکار بوون بۆ مانەوەی حەقیقەتەکان لەناویشیان حەقیقەتی جەنگەستان (خورانی بەهێز لەلایەن بەهێزەکانەوە). ڕاستەقینەکان ئەفسانەکانیان داهێناوە نەک بە پێچەوانەوە، مرۆڤ (human) وەکو ڕاستەقینەیەک لە ئەفسانەوە نەخوێقاوە.

(کەمبێ) پێناسەی ئەفسانەی گڕێی لە گەڵان بەدوای مانا بۆ ئەزموونکردنی مانا. (کەمبێ) داوا دەکا ئەفسانەی گەلانی دنیا بخوێنینەوە نەک ئەفسانەی ئایینەکانی خۆمان، گوایە فەرمان دەکەن چۆن بۆ ناخ بگەڕێنەوە. چیرۆکی (مەسیح) لە ئینجیلدا داوای قەبوڵکردنی مەرگمان لێ دەکا، مەرگی مەسیحی کوڕی خودا. (جۆزیف کەمبێ) لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (بیڵ مویز)، مەرگی (مەسیح) بە سەرەتای گەیشتن بە ئازادی ناودەبا، بەڵام ئەو مەرگە سەرەتای سەفەری ئازادییە بە کەشتیی ژیان بۆ وڵاتی ونبوون.

دابەشکردنی ئایین (religion) بەسەر جومگەکانی (بیروڕا و ڕیچوڵ و ئەفسانە) یەکانگیر نییە لەگەڵ بۆچوونی من. ئەفسانەکان بچووکترین پێنتیان لەناو هەر ئایینێکدا هەبێت خەی زاڵ دەکا بەسەر بیرورا و ڕیچوڵ و کەی هەیکەلییەتی ئایین، دواجار ئایین دەبێتە هاوواتای ئەفسانە. ئەگەر لە دیدێکی ئەدەبی ساددەوە ئەفسانە پێناسە بکەین، ئاوای لێ دێت:

1: ئەفسانەی نێو دەقەکان (چیرۆک، شیعر، ڕۆمان و هتد)، بۆ نموونە لە (دێن کیشۆت)ی (سێرڤانس)دا ئەفسانەیەک هاتووە: خودا لەسەرەخۆ وازی لە عەرشەکەی هێنا و بووە فەرمانەوای گەردوون، خێر و شەی جیا کردەوە، شتەکانی مانادار کرد.

(دۆن کیشۆت) لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە و جیهانێکی بینی کە نەیدەتوانی بیناسێتەوە. جیهان لە ونیی دەسەڵاتی باڵادا، سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. تاقە حەقیقەتی ڕەها تەقییەوە بۆ چەندین حەقیقەتی جۆراوجۆری و خەڵکی لە نێوان خۆیاندا دەستیان بە دابەشکردنی کرد.
لێرەوە جیهانی نوێ و لەگەڵیشیدا ڕۆمان پەیدا بوو کە وێنەی ئەو جیهانەیە. ڕەخنەگران وەکو ئەفسانەی دەرەوی دەق کە جۆری دووەمی ئەفسانەیە و دواتر قسەی لێوە دەکەین، مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ئەفسانەیە کردووە. هەندێکیان بە ڕەخنەیەکی عەقڵانی لە ئایدیالیزمی شۆاوەکەی (دۆن کیشۆت)ی دادەنێن، کەچی هەندێکی تر بە ستایشکردنی ئەو ئایدیالیزمە ناوی دەبەن. هەردوو بۆچوونەکە هەڵەن، چونکە وەکو شتێکی ئاکاری مامەڵەیان لەگەڵ ئەفسانەکەدا کردووە نەک لە چوارچێوەی دەقدا.
بۆچوونەکانی (ئەدمۆند هۆسرل) گرنگیی خۆیان هەیە کە فەیلەسوفێکی ئەڵمانی سەددەی بیستەمە و دامەزرێنەری فینۆمینۆلۆجیایە و دوای ئەوەی (هایدگەر) دەبێتە سەرکی زانکۆی فرایبۆرگ لەژێر ترسی نازییەکان ناوی (هۆسرل) لە لیستی مامۆستایانی زانکۆکە لا دەدا.
2: ئەفسانەی دەرەوەی دەق، ئەمیشیان دوو لقی لێ دەبێتەوە: (ئەو ئەفسانانەی لە دەرەوەی دەقن، بەڵام لە ڕۆگایەکەوە دەچنەوە سەری) و (ئەو ئەفسانانەی سەر بە سەدەیەکی تر و گەلێکی تر و دنیایەکی ترن)
لەناو دەقی (منارەی ئاوەدانی)دا ئەفسانە ڕووە و حەقیقەت مل دەنێ و هێندەی نەماوە بگاتە لای، لە دەرەوەشی ئەفسانە کۆنە کوردییەکان بەتایبەتی ئەوانەی مۆرکی شەڕ و ئاوارەبوونیان پێوەیە خۆیان لێی نزیک دەکەنەوە و گەرەکیانە دەستی تەوقەی بۆ درێژ بکەن.

حاڵەتەکان:
لە فەزای چیرۆکەکەدا حاڵەتە هەستییەکان، حاڵەتە نەستییەکان، سەلماندنی ترسناک و جدییەتی ڕۆساکان و شتی تریش لەسەر خوانی ئەدەبدا کۆ بوونەتەوە.
دژەکان بەیەکەوە لکاون و وەکو تەواوکەر و ئاسایی دەبینرێن. نووسەر خودی خۆی پیرۆز و ئەوی تری کافر نەکردووە، لە هەندێ شوێنی دەقەکە خود و بڕانبەرەکەیت بۆ جیا ناکرێتەوە. نووسەر لە دنیای چیرۆکەکەدا کە جیایە لە دنیای ڕاستەقیەنە،

خودێکە باوەڕی بە بەیەکەوە ژیان و ئای بەرامبەر هەیە.
(تۆماس هۆبز)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی کە ململانێ گرێ دەدا بە چاکسازیی خود و باوەڕی وایە ژیان بریتییە لە ململانێ بێ بەدەستهێنانی زۆرترین دەسەڵات و ئەوە مردنە کۆتایی بەو ململانێیە دەهێنێ. قسەکردن لەبارەی بەیەکەوە ژیانەوە بێ خۆی فەلسەفەیەکی فرە ئەهەندە. (دێن کیشێت) توانای دروستکردنی پەیوەندیی نەبوو لەگەڵ خەڵکیدا، بۆیە تەنها لە خەیاڵی خۆیدا پاڵەوان بوو. (دێن کیشێت دالامچا) هەڵناکا لەگەڵ بۆچوونی جیاواز و ئەو دنیا قازانجخواز و بێئەحمەقەدرنەدا. (فۆکۆ) پێی وایە (دێن کیشێت) دابڕانێکی ئەپسەڵۆژیی تازەیە.
نموونە: ئێوە لەودیو دەرگای ژوورەکەم دانیشتون و خەریکی قاوە خواردنەوەن. یەکێک لە ئێوە بانگم دەکا: خەریکی چی؟ لە وەڵامدا دەڵێم: چایە دەخەمەوە. بەبێ ئەوەی منتان لێ دیار بێت و پەرداخە چایەکەمتان بینیبێت، هەر یەکەتان وێنەیەکی لا دروست دەبێت. یەکێکتان چایەکە لە نێو ئیستیکانێک دەبینێت، دووەمتان لەنێو ژێرپیاڵە، سێیەمتان لە نێو قۆرپی چا، ئیتر بەو جۆرانە. پەیوەندی هەیە لە نێوان چایەی بەردەمی من و ئەوەی نێو خەیاڵدانی ئێوە. لە بازنەی ئەو ئاساگەلانە و دەقەکەی (کاروان)دا بە ئەوای دەبینم ئەگەر لەسەر هەندێک حاڵەت ئاکبکەوین کە پێشتر هەموومان نەمانبینیبێ تەنها یەک دووانکمان بینیبێتیان.

زمان (language):
لە کتێبی (ویستی هێز- The will to power)دا کە ئاڤە لەپاڵ میتافیزیکەدا، (نیتشە) نووسیویەتی: تاقە شوێنی بیرکردنەوە فیزیکی زمانە، ئەگەر ئازی نەبین، چیتر بیرناکەینەوە.
زمان ئەو کاتە ئەو ئاڵەتە دەبینێ کە پەیوەندییەکی سازگار تەرخان بکرێت لە نێوان تێکست و ئاڤەکاردا. (گادامێر) چەمکی پێکەوەبوونی بێ مانیفێستکردنی هەمبەرێتیی نێوان ئاڤەکار و دەق بەکار هێنا. (ریکۆر) ئەو زاراوەیەی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر دەربڕی. زمانی چیرۆکەکە سەرکەوتوو بووە و بووەتە شوێنی بیرکردنەوە بەهێی ئەو پەیوەستبوونە زۆرە بە ووداوەکانەوە. لە کتێبی (حەقیقەت و میتۆد)ی (گادامێر)دا هاتووە کە باسەکەی (شلایر ماخێر) لەمەر هێرمەنێتیک و هونەری ئاڤە ناسینی تێگەیشتنی باش (good) و خراپ (bad)، ئاڤەکردنی دەق بەرەو باشتر تێگەیشتنمان دەبات. (کاروان) خولیایەکی

زۆری هەیە و زمانی دەقەکەی نەکردووە بە سیمبولێکی خەیاڵاوی.
(فرۆید) لە (راڤەی خولیاکان)دا جیاوازی کردووە لەنێوان زمانی خولیا و زمانی سیمبولێکی خەیاڵپەروەری، پێی وایە ئەوەی دووەمیان زمانێکی ناکارایە.
(لامارتین) لەوە ناڕەحەت بوو کە زمان لە توانایدا نییە گوزارشت لە هەڵچونەکانی بکا. دەقی ئەدەبی لە یەکە زمانییەکان پێکهاتووە. ڕاستە شیکردنەوەی هونەری بەرهەمە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای تیۆر و میتۆدەکانی زمانناسی ڕۆگایەکی ئاسانە، وەلێ جوان نییە. فۆرمالیستەکان و پێکهاتەگەرایەکان شیکاری دەقە ئەدەبییەکانیان متمانەی تێدا نەبوو، مامەڵەیەکی ڕەمزییان لەگەڵ هونەرەکانی دیکە دەکرد، ئەوەی لە بواڕەکانی (سینەما و وێنە و مۆسیقا و بیناسازی و کایە جیاوازەکانی تر) بڕمان ماوەتەوە شتێکی ڕەمزییە. من نەگەڕاومەتەوە بۆ ئەو بیردۆز و میتۆدانە لەکاتی قسەکردن لەبارەی ئەو دەقەوە کە پەنجەمان لەسەر شل کردووە.
پاڵپشتکردنی ئەدەبیات لە ئامانجەکانی نووسەرە. نها ئەگەر ئێمە ئەدەبیاتی کوردی پاڵپشتن بکەین بەم جۆرەی لێ دێ:
1/ ئەو ئەدەبانەی مرۆڤێک لە خەیاندا هەڵدەگرن، لە کۆتاییشدا دەیخنکێنن, مرۆڤەکە تەکنیکە.
2/ ئەو ئەدەبانەی سیحرباز لە خەیان هەڵدەگرن، سەرەنجام دەیسووتێنن, سیحربازەکە زمانە.
3/ ئەو ئەدەبانەی پێنگێک لەخۆ دەگرن، دواجار کەوێی دەکەن, پێنگێک ناوی ڕەشنبیرییە.
کەم دەقی ئەدەبی هەیە (زمان و تەکنیک و ڕەشنبیریی ئەدەبی) بەیەکەوە گرێ بدا. زاراوەی ئەدەب بە کردار پێناسە نەکراوە. ئەدیبەکانمان بە ئەدەبێک دەڵێن داهێنان کە هێشتا باڵق نەبوە (خێی نەناسیوە). (کاروان) لەم دەقەدا کاری بۆ ئەو گرێدانە کردووە.

- **کورتبڕی:**

درێژدادری ئەنفلەوەنزای ئەدەبە. وشە ڕیزکردن بە مەبەستی دروستکردنی ڕستە، ڕستە ڕیزکردن بە مەبەستی دروستکردنی بابەت، لایەنی خراپی نووسین پێشان دەدەن. (خوان ڕولفۆ)ی نووسەری بەناوبانگی مەکسیکی، بە ڕەمانی (پیدرۆ پارامۆ) کە لە 150 لاپەرە زیاتر نەبوو، بوو بە یەکێک لە گەورەترین ڕەماننووسەکانی دنیا و دوای ئەو ڕەمانەش بۆ ئەبەد دەستی لە

نووسین هەڵگرت.
ماناکە لە جەوهەردا (300) لاپەڕە بووە و لە(150) لاپەڕەدا چڕ کراوەتەوە. (ئەکتاڤیە پاژ) کە نزیکترین هاوڕێی (فۆنۆفۆن)یە وەها باسی دەکا: بە (فۆنۆفۆن) بڵێن دەنگی کوشندە بوو، هاوڕێکانی داوای ماناکانی تازەیان لێ دەکرد، بەڵام ئەو وا هەستی دەکرد هەموو شتێکی لە (پیدرێ پارام)دا گووتووە.
(مالارمێ) نەیگووتووە ئەدەب ماندووکردنی پیتەکانە، بەڵکو ئەو دەیگوت "ئەدەب پەرەپێدانی پیتەکانە". ئەو کاتەشی (بلانشۆ) دەڵێ: گرنگ نییە چی دەنووسی؟ دووبارەکردنەوە گرنگە وەک ئەوەی یەکەمین جار بڵێت نووسیبێتت، پەرەنسیپێکی دیاریکراو هەیە تەواو جیاوازە لەو پەرەنسیپەی درێژدادەکان ئیشیان لەسەر کردووە. درێژدادەی جیایە لە زۆرنووسین. باسی زۆرنووسینی (نیتشە) دەکرێ. نووسین بێ ئەو گوزارشت نەبووە لە فەلسەفەیەکی ئەبستراکت، ئیشی لەسەر دامەزراندن نەکردووە، بەڵکو کاری ئەو سەرەوڵژکردنەوەی ماناکان بوو، بۆیە وەکو داهێنەری میتۆلۆجی چاوی لێ دەکرا، تا ئەو کاتەی (هایدگەر) هات و وەکو دوا فەیلەسوفی ئۆژئاوا خستییە نێو خەزانی میتافیزیکی.

نموونە لەسەر کورتبینی نێو چیرۆکەکە:

- دایکت وەک بڵێی مار پێوەی دابێت…

-هیچ لەوە تێنەدەگەیشتی ئەوانە چۆن و کەی و لەکوێ بە یەکتر گەیشتوون…
ئەگەرچی سوور دەزانی (ڤیان) ناتوانێت قسەت لەگەڵ بکات، چونکە ماوەکەی تەواو بووە…
بڵگومان تۆ لە دەرفەتێکدا هەموو ئەمانەی لێ دەپرسی…
یاخیبوون:
یاخیبوون لای (کامۆ) بۆ یاخیبوونی میتافیزیکی و یاخیبوونی مۆژوویی دابەش دەبێ. یەکەمیان سێ لقی لێ دەبێتەوە:
(هەتکردنەوەی هەها – مارکیز دیساد)
(هەتکردنەوەی نەجاتبوون – ئیڤان کارامازۆف)

- **(شیکاری هەها –نیتشە).**

(کامۆ) دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێ لە ساڵی 1957دا لەلایەن ئەکادیمیای سویدی، نامەیەک بە سادەییەوە بۆ خەزانی (نیکۆس کازانتزاکیس) دەنووسێت و تێیدا دەڵێ: (کازانتزاکیس) شایستەتر بوو لە من بۆ ئەو خەڵاتە. سادەیی (کامۆ) ئاوێتەی سادەیی (کازانتزاکیس) دەبێت و درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە

(نیتشه)، لەوێدا (کازانتزاکیس) بە ئاشکرا و بە ساددەییەوە پێیەوە دیارە چۆن سوودی لە (نیتشە) وەرگرتووە. ئەو سوود وەرگرتنە ئاساییە، (ئەفلاتون) کە زۆرجار بە باوکی فەلسەفە دادەنرێ, لە سەرەتادا لەژێر کاریگەریی (هیراکلیتس / 544-483 پ ز) و (فیساگۆرس / 580 – 500 پ. ز) و (سۆکراتدا) بوو. لەناو هەندێ لە دۆرەکانی چیرۆکەکەدا هەستم بە ساددەیی نووسەرەکەی کرد، وێنەی نووسەر لەناو فەزای بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانی وێنەیەکی تەماوییە، ئەوە فەزای گشتیی چیرۆکەکەیە وێنەی نووسەرمان پێشان دەدا کە وێنەیەکی یاخییە بەنام خۆشی جیا ناکاتەوە لە کۆمەڵگا. لە چیرۆکەکەدا هاتووە:

– بۆنی عەترەکانی تەفرەیان دەدای.

– وات دەزانی کەناریەک لەناو قوڵگیدایە.

– ئەگەرچی ئەوان وایان دەزانی تۆ لە داخی ئەو نازناوە وازت هێناە…

– کەواتە ئەو چەند جارەی یەکتریتان دەبینی، ئەو مردبوو لە گۆڕستان گەڕابوو.

– هیچ لەوە تێنەدەگەیشتی ئەوانە چۆن و کەی و لە کوێ بە یەکتر گەیشتوون؟…

- **داهێنان و پاسڵەژی:**

لای دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆن فرۆید) دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاری، داهێنان پەیوەست نییە بە حەدەسەوە و حاڵەتێکی پاسڵەژییە. (فرۆید) لە ڕۆگای بیردۆزی دەروونشیکارییەوە، شیکردنەوەی بۆ هونەری (داڤینشی) و (دیستۆڤسکی) و (شێکسپیر) دەکرد، پێی وابوو هونەر هیچ نییە جگە لە فاکتەرێک بۆ پۆ کردنەوەی کەڵێنە سێکسییەکانی مرۆڤ و حاڵەتێکی سێکسیی پاسڵەژییە. دابونەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی کە مامەڵەیەکی لاواز لەگەڵ سێکساندندا دەکا، هۆکارە لەپشت هونەرەوە. بە بۆچوونی من ئەو بۆچوونەی (فرۆید) بەرهەمی نەخوێندنەوەی داهاتووی ئەوروپا و پۆگەی سێکس (sex) لە داهاتووی ڕۆژئاوایە، ئەو کاتەی سێکس زۆربەی سنوورەکان دەبەزێنێ.

بۆی هەیە جوانترین هونەر هونەری ئەو هونەرمەندە بێت کە بۆشایی سێکسیی نییە ئەمە بۆ جڤاتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی دروستە. داهێنانی چیرۆکەکەمان، بەرهەمی فیکرێکی نزیک لە مناڕە و دار و بەرد و چەک و سێکسێکی تەماوی و خوێنە، نەک نزیک لە مەمک و باسک و پشت و بنهەنگ و داوێنی ژنی

ئەوروپی.
(فیلیپ ٢هس) لە چاوپکەوتنکدا لەگە (میلان کندرا) ویستی بچوونی ئەو بزانە بە سکس وەکو ٢ماننووسک. (کندرا) وەها وەامی دایەوە: باسی سکس چیتر قەدەغە نییە. ٢اوەستان بە وناکردنی گشتی یان ددانپدانانی سکسەوە، سەرنجاکش نییە، بەکو وەرسکەرە.
لەم دەقەدا کار بە جیاکاری و تکشاندنی ف٢مە دووبارەکان و بەخشینی مانایەکی تازە بە دڕەکان کراو. (بل٢م) مکو بوو لەسەر ئەوەی شاعیر بەر لە هەر شت لە خی دەپرس: چن ئەدەبکی جیاواز بنووسم؟ شیعرک بە خەیاڵی کەسدا نەهاتبت. چن چنی جیاکاری دروست بکەم؟ لە باسی (ف٢مشکاندن)دا ئەم باسە زیاتر کەوتە سەر پای خی و پڵن کرا لە تیڕییەک لەمە (میتدی خوندنەوە یان هەوشاندنەوەی دەق). (بل٢م) نووسی: ئەدەب فرمان دەکا لەپناوی داهنان و واتای تازەدا، ف٢م تکبشکنین.
(دڕیدا)بە پچەوانەی (ئەفلاتون)وە پی وابوو هەموو وشە و نیشانەیەک پەیوەستە بە جیاکارییەکی واتادار. لە چیرکەکەدا جیاوازیی فیکریی کارەکتەرەکان ٢گر نەبووە لە بەردەم ککبوون لەسەر مەسەلەگەلک کە تەنها لە ساتی خوندنەوەی چیرکەکە هەستیان پ دەکەین نەک لەکاتی قسکردن لبارەیەو. جیاوازییەکان ٢گر نین لە بەردەم گەیشتن بە هاوبەشەکان، جیاوازیی بزونەری هاوبەشی و هاوبەشی فەزای بە زیندوو هشتنەوەی جیاوازییە. قەشە (ئگەستین 354-430ز) کە بیرکەکانی ەنگدانەوەی ململانی نوان بیری مەسیحی و یانانی کن بوون، لە باسی کمەگادا کەمتر باسی جیاوازییەکان دەکا تا هاوبەشەکان، لای ئەو کمەگا بریتییە لە کمەک خەک کە بیروباوەی هاوبەش کیان دەکاتەوە.

فەلسەفە:

ەنگە یەکك لە کارەکانی چیرک وروژاندنی پرسیاری قوو بت. بە نموونە: "بناغەی دروستبوونی گەردون چییە؟"
ئەم پرسیارە گرفتکی بنەەتی بووە لە بەردەمی فەلسەفە و فەلسەفەکار و فەزای فەلسەفی لە ٢ژئاوا و ٢اڤەی بە کراوە. کشەیەکی بنەەتیی هەر س قناغەکەی فەلسەفەی یانانی بوو کە هکاری ٢استەقینەی بوونیان بە هکاری ماددی دەگە٢اندەوە. مەبەستم لە:
قناغی فەلسەفەی بەر لە (سکرات).
قناغی (سکرات) تاوەکو (ئەرستۆ).

قۆناغی دوای (ئەفلاتون) (ئەو قۆناغە تاوەکو سەرەتای چەرخەکانی ناوەڕاست درێژەی کێشا). هەر بۆ نموونە:
_ تالیس (560-548پ. ز) بناغەی دروستبوونی بوونی بۆ ئاو دەگەڕاندەوە.
_ ئەنکسمندریس (610 – 545پ. ز) بۆ هەوای گەڕاندۆتەوە.
_ هیراکلیس بۆ ئاگر و پارمەندیس بۆ هەبوونی دەگەڕێنۆتەوە.
_ ئەنبادوکلیس دەیگەڕێنۆتەوە بۆ پێنج توخمی (ئاگر، هەوا، ئاو، خۆڵ و کاریگەری). ئەو توخمانەش وەکو خودای ئەفسانەیی باسیان لێوە کراوە.
فیکر لەم چیرۆکەدا بۆ چەند بەشی جیاواز دابەش دەبێتەوە. دابەشبوون بە مانای پەرتەوازەبوون و شەقبوون نایەت، بەڵکو گەڕانەوەی فیکرە بۆ بەشەکانی. ئەو دابەشبوونەی خەیاڵی خۆنەر پەیوەندییەکی ڕاستەوانە و دانەبڕاوی لەگەڵ کۆبونەوەی فیکری نووسەر و یەکگرتنەوەی پارچەکانی خەیاڵی هەیە، بۆ ئەوەی بکۆشن بە یەکتردا و وەکو بروسکە بگرمێنن و دەقێکی ئەدەبی بەرهەم بهێنن. بەرهەمەکە وەکو شتێکی دەستەمۆ لەسەر لاپەڕەکان خۆی ئاشکرا دەکا، خۆنەر پێویستی بەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ خەیاڵدانی (کاروان) و شرۆڤەی فیکری و مەعریفی بۆ بکا. خوێندنەوەی چیرۆکەکە ڕێگاکەمان بۆ کورت دەکاتەوە، وشەکان دەبنە ماسی و کێی دەقەکەش دەبێتە دەریا نەک کەمەڵە ماسی، چونکە وشەکان لە خەیاڵدا نوقم بوونە و مامەڵەی ئەمە بە تەنها لەگەڵ وشەکاندا نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو خەیاڵەشە کە لە پشتی وشەکاندا خۆی مەڵاس داوە و وشەکان لە ناویدا مەلە دەکەن.
لە یادمان نەچێت خەیاڵی پشت وشەکان یەکسان نییە بە خەیاڵی نێو خەیاڵدانی چیرۆکنووس. وشەکان گرینگ نین، ماناکان گرینگن. زۆربەی ئەو وشانەی لە چیرۆکەکەدا هاتوون لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە کاریان دەهێنین، بەڵام ئەوە ماناکانن جیاوازییەکان دروست دەکەن.
دەق بەردەوام فیکر بەرهەم دێنێ و کاڵی دەکاتەوە. دەکرێ دەقی ئەدەبی ببێتە مەبەندی بەرهەمهێنانی بیرۆکەی فەلسەفی و پرسەی بەرهەمهێنانی ئایدیا و جیهانبینییەکان. (فۆکۆ) لە کتێبێکی ئەدەبی سەدەی شازدەهەمەوە چەندین تێزی فەلسەفی هەڵهێنا، کە (دێنکیشۆت)ی (سێرڤانس) بوو. دەقی ئەدەبی بە تەنها گوزارشت نییە لە ئەدیببوونی نووسەر, زۆرجار هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانی فیکری فەلسەفی، هەندجار بارودۆخەکە دەگۆڕێ. فیکری فەلسەفی و ژیانی فەیلەسوفەکان ئاراستەمان

دەکەن بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی.
بەردبارانکردنی (ژان ژاک ڕووسۆ)، دادگاییکردنی (سۆکرات)، شۆتبوونی (نیتشە)، دەکرێ ببنە بیرکەی نووسینی چەندین ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و بابەتی ئەدەبیی تر. خۆکوشتنی (گۆگۆل) و ژیانی (ئەکاکی ئەکاکیفیچی) نۆڤۆ (پاڵتۆ)، زیندانیکردنی (مەرسۆ)ی نۆڤۆ (نامۆ)ی (ئەلبێر کامۆ)، (راسکۆڵنیکۆف)ی (دیستۆڤسکی)، ئەمانە فیکر بەدوای خۆیاندا دەهێنن.
گرنگترین ئەو پرسیارە فیکرییانەی چیرۆکەکە دروستیان دەکا:
– مردووەکان لە کوێی زیندووەکاندان؟
– خۆکوشتن سەرەتای ئەبەدیەتە یان ئەبەدیەت سەرەتای خۆکوشتنە؟
– دایکانمان چی ئێمە بوونە لە سەرەتادا؟ (بەر لە بوونی ئێمە).
– منداڵی یانی چی؟

بڕند باجەلان

سەرچاوەکان:

- بیری پۆستمۆدێرنیزم ، ئازاد حەمە، هەولێر، 2002
- لێبووردەیی و فەلسەفە, ڕیچارد سیوێلی، هیوا حاجی، نەوزاد جەمال، هەولێر ، 2009
- فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت, د : نبیل عبدولحمید عبدالجبار، هەولێر، 2010
- سێران ئازاد، کاردانەوەی هزر (فکر) لە ڕۆمانی کوردیدا، دەنگەکان، 2012
- منارەی ئاوەدانی، کاروان کاکەسوور، گۆڤاری ئایینده، ژمارە نەوەد و یەک.
- مدرنیته و مدرنیسم, مجموعه مقالاتی در سیاست، فرهنگ و نظریه های اجتماعی, ترجمه و تدوین: حسین علی ، تهران 1378
- أزدواجیه العقل, دراسه تحلیلیه نفسیه, کتابات حسن حنفی, جورج طرابیشی.

بورجۆکی ڕۆشنایی، کۆمۆنیزمۆکی شۆڕشگێڕ لە حزبێکدا بۆ ئینترناسیۆنالدا باڵا دەکات.. جۆمال کەشش

(لە ڕوانگەی پێویستی شارەزابوون و ئەزمون و پێیوەندی گروپ و پارتە کۆمۆنستەکان، ئەم نوسینە پێرەگرتنی خرایی ڕەوتێک بەناوی "ئینترناسیۆنالی کۆمۆنستی شۆڕشگێڕ" بەخوێنەران دەناسێنێ. هەوڵمداوە دیدگا و سیاسەت و مۆیدانەکانی تێکۆشانیان بچڕی و لە جوڵەدا بخەمڕوو، ئەمە ناساندنە و پاڵپشتی هەر ڕەوتێکە کە بەرگری لە مارکسیزم و خەباتی چینایەتی کرێکاران بکات و ناچێتە سەرهەڵسەنگاندنی پلاتفۆرم و بەرنامەکیان).

پاش ئەوەی (تێد گراند-Ted Grant) و هاوڕێکانی خۆیان لە [کۆمیتە بۆ نێونەتەوەیی کرێکاران-Committee for a Workers' International (CWI)] جیادەکەنەوە، لەگەڵ (ئالان ودز-Alan Woods) لە ساڵی (١٩٩٢)دا (ڕەوتی مارکسیستی ئینترناسیۆنال-International Marxist Tendency) دادەمەزرێنن. لە بەریتانیاش وەک ڕێکخراوی "بانگەوازی سوشیالیستی-Socialist Appeal" جیادەبنەوە لە [ڕەوتی ملیتانت-Militant tendency]. (دواتر دەمەوە سەری).

بەکارهێنانی مێتۆدی مێتریالیستی و ئەرسۆدەکسی مارکسیستی و گۆڕانەوە بە نوسراوەکانی مارکس و ئینگلس و لینین و تڕۆتسکی و پێرەدان بەهەندێ تێۆری لە خەباتی چینایەتی و ئابووری سیاسی و لە زانست و گەردووناسی و کۆلتوور و ئایینناسیدا، ڕێبازی بەرجەستەی ئەم دەستپێشکەرییە بوو. بەشداری کاریگەرانە و بەردەوامانیان لەنێو ڕێکخستنە کرێکارییەکان و نەقابە و ئینجومەن و کۆمیتەی مانگرتنەکان و بەتایبەت لەنێو لاوانی سۆشیالیست و گەنجاندا، پێگەی چینایەتی ئەم ڕەوتەی پتەودەکرد و بە گرێدانی بە شۆڕشی سۆشیالیستی و دکتاتۆری پرۆلیتاریا و تێکشکاندنی سیستەمی سەرمایەوە ئاستوخێ بەرەو پراتیکی ئاستوخێی سروشتی چینایەتی لەکاڵی بە ئەوروپایی و

بە نەونەتەوەیی دەبەستەوە و تاقانەی دەکرد.

دامەزراندنی ئەرگانی ڕاگەیاندنی حزبی بەلشەویکی و پێگەیاندنی کادری پیشەیی و کارا و بە دسپلین، خستنەبیرکردنی هەمەلایەنە و کەرس و زانکۆی ئاتەرناتیف و چوونە نێو پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دابینکردنی مالی سەربەخۆ و پشتبەستن بە کۆمەک و هاوپشتی ئەندامان و لایەنگرانی و فرۆشتنی بڵاوکراوەکانی، ئەم جوانەوەیی لە ماوەیەکی کورتدا گەیی بە یەکێک لە بەهێزترین هێزە سۆشیالیستەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری.

بەدرێژایی ئەم ساڵانە، خەباتی نەونەتەوەییان پەرەپێدا، سەرهەڵدای تۆندوتیژی و زیندانی و ڕاوەدونان لەلایەن دەسەڵاتداران و گروپە فاشیستەکانەوە، لە هەمانکاتدا جیابونەوە و دابەش بوون و کەرتبوون هوویدەدا، بەڵام پەیگیرانە و باوەڕبەخۆ و سوربوون لەسەر لەجیکی مەتریالیستی بە خوێندنەوەی دونیا توانیان ئەم ئەرگانە بچووکە جارێ تر و لە سەردەمێکی تردا بتەوە سەر شانەی سیاسی و لانێو وڵاتانێک کە بە سەدە وا دەردەکەوتن کە ئارام و هەموو شت لە جێگای خۆیدایە، بومە لەرزەیەکی سیاسیان لەسویسرا، دانمارک، سوید، فنلەند، ئەڵمانیا، ئەمریکا، نایەوە و یەکسەر پەرچەمی شۆڕشی سۆشیالیستیان بەرزکردەوە و دەنگدانەوەی لە میدیا گەورەکاندا، بەرژوازی شۆڕاند.

هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە ناتوانێت بە بێ تیۆری شۆڕشگێڕانە بێت

ماڵپەڕێکی زیندوویان بەناوی "بەرگری لە مارکسیزم-In Defence of Marxism" دامەزراند، وەک ئەرگانی فەرمی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، جەدالاتێکی گرنگی تیۆری و سیاسیان بە مەبەستی پشتیوانی و ئاسۆدارکردنی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنستی لانێو دەی ئاوگەرەکاندا لە گۆشە جیاوازەکان و نەبەردە جیاجیاکان و هەرەمەکاندا. لەم یەکدوو ساڵەی کۆتاییدا، کەمپێکی فراوانی ئەندامگیری و سازماندارییان لە زەربەی ناوچەکانی دونیا بەناوی (ئایە تۆ کۆمۆنستی؟ دەی کەواتە خۆت ڕێکخەراو بکە- Are you a communist? Then get organised!)، بەرخست. لەهەندەک لەوڵاتان هێژەی لە سەدا سەد و لە هەندە جێگا لە سەدا سەد و پێنجا ئەندامگیرییان چووە سەر (سویسرا و نەمسا و سوید و دانمارک)، بەمجۆرە پێداویستییەکان بە هەنگاوێکی گرنگی ئاوگەڕبەخش هاتە بوون.

پرشنگدارترین گۆڤ و ئاڤوگۆی چنایەتی لە ڕۆکخستنە کۆمۆنیستیەکان لە ساڵی ڕابردوودا، دامەزراندنی (ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنستی شۆڕشگێڕ-Revolutionary Communist International) بوو. لە ڕۆژانی (١٠) تا (١٥)ی (حوزەیرانی ٢٠٢٤) لە ئیتالیا بە ئامادەبونی ڕاستەوخۆی (٥٠٠) کەس و لە ڕێگای (زووم)یشەوە (٧٧٠٠) کەس لە (١٢٠) دەوڵەتەوە بەشداری دامەزراندنی حزبی کۆمۆنستی شۆڕشگێڕی نوێنەتیەیان کرد. یەکێک لە کۆنفرانسە جیهانییە گەورەکانی کە لەماوەی ئەو (٦) ڕۆژدا، گفتوگۆی جددی بەرنامەیی و ستراتیژی و حزبی و پڕوەردەیی بە (٢٥) زمان بەڕێوە چوو. هەر لەوێدا نزیک بە نیو

ملیۆن (٤٨٨.٢٨٥) ئیرۆ کۆمەگ کۆکرایەوە. ئەم کۆنگرێیە بەتەکەایی بەشداربوان لەسەر بەرنامە و سیاسەتی کۆمۆنستی و ڕووخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی و ڕۆکخستنی حزبی و دامەزراندنی (ئینتەناسیۆنالی کۆمۆنستی شۆرشگێڕ) بەیاریاندا.

ماڵپەڕی سەرکیەکیان (بەرگری لە مارکسیزم) بە (٤٩) زمان بەرهەمی تەدا بەاودەکەنەوە. بەشێک لەبەرهەمکانیان بەزمانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی لەوێدا هەن. گۆڤارێکی وەرزی تیۆری سەراسەریان هەیە بەناوی (بەرگری لە مارکسیزم). زەربەی لەڕکانیان بەتایبەت ئەوانەی کە حزبیان دامەزراندووە، ڕۆژنامەیەکی مانگانەیان هەیە.

نزیکردنەوەی کامەرا بە وەنەگرتنی دوو جوگرافیا

لقی پاکستان: پاکستان یەکێک لەناوچە هەرە گەرمەکانی خەباتی چینایەتییە. بە (کەراچی)ی دەوترێت (پترۆگرادی پاکستان). (٣٢٠) هەسوەاوی کۆمۆنست لە ژنان و پیاوان لە ڕۆژانی (٧ و ٨)ی مانگی (١٢)ی (٢٠٢٤) لەسەرانسەری شار و هەرەمکانەوە لە لاهور کەبونەوە، تیایدا نوێنەرانی سریلانکا، ئەمریکا، ئیتالیا، کەندا و نوێنەرایەتی (سکرتاریەتی کۆمۆنستی شۆڕشگێڕی نیونەتەویی) بەشدار بوون. لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژدا لەسەر بەرنامە، لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی حزبی بەلشەویکی لە پاکستان، خەباتی کرێکاران، مافەکانی ژنان، چۆنیەتی بەاوکردنەوەی گۆڤاری مانگانەی کۆمۆنست (شیعاری نان، جلوبەرگ، نشتەجێبوون)، وە هەڵبژاردنی ئەرگانەکان بەڕێوەچوون. پاکستان لەنەو تەڵەکی گرنگی پێوەندیدایە، لەگەڵ سریلانکا، بەنگلادش و هیندستان، کە بەهێزەوە کەسانێک لە مانگرتنە گشتیەکانی کرێکاران و خەباتی جەماوەریی ئەو وڵاتانەوە

بەشداربوون، هەروەها بەیاننامە و ڕاگەیاندنیان دەرکرد لەسەر شەش لە بەنگلادیش. لقی پاکستانی لە بارەی مێژوویی و جوگرافیا و زمان و کلتوورەوە، یەکێک لە گرنگترین وەستیارترینیانە.

لقی بەریتانیا: ئەم بەشە بە گرنگترین بەش و بەمەشکی ناوەندەکە دادەنرێت و مەبەندی سەرکی ئینتەرناسیونالەکەش هەر لە لەندەنە. هەوتی ملیتانت، سەرەتای دامەزراندنی بە (١٩٦٤) دەگەڕێتەوە، مەیلێکی تڕتسکی نەو [پارتی کرێکارانی بەریتانیا-Labour Party UK)] بوو، لە دەوری گرفاری ملیتانت کەببونەوە. سکرتێری سیاسیەکەی (تێد گرانت-Ted Grant)، سکرتێری نیشتمانی (پیتەر تاف-Peter Taaffe) بوو. ئەم هەوتە بەتایبەت لە شاری لیڤەرپوول، پێگەیەکی جەماوەری فراوان و (٣) ئەندام پەرلەمانی هەبوو، وە ئامانجدارانە لەنەو گەنجانی حزبی کرێکاراندا خەریکی هەڵکخستنی حزبی بوون، لەنەو حزبی سۆشیالیستی لاوانی حزبی کاردا، تەواو دەستاتی ئاراستەکردنی سیاسەتیان پەیداکرد. حزبی نەو حزب بوون، لە ماوەی سانەی هەشتاکاندا، سەنگەرێکی یەکجار بەهێزبوون لە بەرامبەر تاتچەر، و پشتیوانی مانگرتنە گەورەکانی کرێکارانی کانە خەوزەکان بوون، بەڵام بەردەوام ئەم هەوتە لەژێر گوشاری دەوڵەت و بەتایبەت (پارتی کرێکاران)دا بوو، تا دەرکردنی ئەندامان و لەوانەش تێد گرانت. ملیتانت بەهەی ئاوگەڵکانی جیهان و بەهەی ئەوەی ئایا هەربمێننەوە لەنەو (پارتی کرێکاران)دا، بوون بەدوو کەرتەوە، کەرتەکیان حزبی کاری ملیتانتیان دامەزراند کە زۆرینەبوون، هاوەیانی تێدگراند و ئالان ودز، هەڵکخراوی (بانگەوازی سۆشیالیستی-Socialist Appeal)یان دامەزراند و بەاوکراوەیەکی نیومانگانەیان بەو ناوەوە دەردەکرد تا نەڤمبەری سانەی پار (٢٠٢٤) کە ناوی خەیان گۆڕی بە (پارتی کۆمۆنستی شۆشگێر) کە لەسەرانسەری بەریتانیا (١٢٠٠) ئەندامی چالاکیان هەیە و لقی بەریتانیای (کۆمۆنستی ئینتەرناسیونالی شۆشگێ)ن.

لقی سویسرا: گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ (مادلینا یێت، کادرێکی سەرەتایی پارتی کۆمۆنستی شۆشگێر لە سویسرا

چۆن هەڵکخراوەکەتان/ حزبەکەتان لە سویسرا بەم شێوەیە گەشەی سەند؟

مادالینا: سانەی (٢٠٠٨) هەڵکخراوی (دەر فونکە سویسرا)مان دامەزراند. گروپێکی بچوکی لە لاوان کە سیاسەت بەلایانەوە گرنگی هەبوو لە بەشی هەژئاوای سویسرا لەگەڵ خەڵکانی نەمسا پەیوەندییان پەیدا کرد، کە ئەوان پێشتر لقێک بوون لە (هەوتی مارکسیستی

پەرەسەندن و گەشەی سەرمایەداری لە تورکیا، وەک پەسەیەکی مێژوویی و ناکۆک لە هەناوی خۆیدا، خوڕقێنەری ئەم ناکۆکییە کۆمەڵایەتییە سیاسییەی نێوان ئەم دوو هێزە بورژوا ناسیونالیستەی تورکی و کوردییە. دیارە کێشمەکێش و ململانێی ئەو دوو هێزەی دژبەیەکە بە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا هێوبەهێزی ئاسۆکی تر و حاڵەتێکی جەرایەتی تر لەو کێشمەکێش و ناکۆکییەین، کە پەرەسەندنی سەرمایەداری نیولیبرالیزم لەو وڵاتە هەناویەتە ئاراوە، وە دیسان هەر ئەم پەرەسەندن و گەشەی سەرمایەدارییەش کە ئەم دوو هێزە کێش دەکات بە یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییە بە گفتوگۆ و دانوسان، بە هەناندی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سیاسی ناوخۆ و سەقامگیریی ژەمی سیاسی تا هەرچی زیاتر بردنەپێشەوەی ئەم هێزانە لە پەلهاویشتن و فراوانخوازی سەرمایەداری تورکیا پەرە پێ بدات.
بەمانایەک بەرەوپێشچوونی هەرچی زیاتری سەرمایەداری تورکیا و پەلهاویشتنی بە دەرەوەی وڵات و فراوانخوازییەکەی، بە هەموو قەیرانکانییەوە، بنچینەیی ترین خاڵ و زەرورەتی دانوسان و گفتوگۆی نێوان ئەم دوو هێزە ناسیونالیستەیە لەناو دەوڵەتی تورکیادا. هەردوو لا لە پەسەیەکی مێژوویی کێشمەکێش و بەئامادەبوونی زەمینە مادییەکانی گفتوگۆ، لە ئێستادا ئامادەییان هەیە بە دانوسان، و پاکانەی فکری و ئایدیۆلۆژی خۆشیان هەیە بۆی.
(ئۆجەلان) باس لە هاوپەیمانەتی و (پەیوەندی نێوان کورد و تورک؛ بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵ) دەکات کە هێزە هیژموونگەراکانی "مۆدێرنیتەی سەرمایەداری" وڵاتانی ئیمپریالیستی هێژاوا بەدرێژایی دوو سەد ساڵی ڕابردوو ئامانجیان تێکدانی ئەم هاوپەیمانەتییە بووە. وەباس لەو گۆڕانکارییە جیهانیانە دەکات دوای ڕووخانی (بلۆکی هێژهەڵات- سۆڤیەت) کە ئاویش پەرەسەندنی ئازادی بیروڕای لەناو تورکیا و کاڵبوونەوە و چوونەدواوەی نکۆڵی کردن لە شوناسی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، بەیە زەمینە لەبار بووە و ئێستا کاتی ئاوەیە کە یەکێتی میللەتانی ناو کەماری تورکیا لە دژی هێزەکانی هیژمونگەرای "مۆدێرنیتەی سەرمایەداری"، بە زیندووکردنەوەی هاوپەیمانەتی و پەیوەندی هەزار ساڵەی تورک و کورد پتەو بکرێت.

واوەتر لە تاکتیکی سیاسی

لە دژیەکانی ئابڕووەدا هاوکات لەگەڵ ئاژاوەگێڕی جیهانی و ناوچەییەکان لە هێرشەکانی ناوەڕاستدا هەوڵدانی دەوڵەتی تورکیا لە ئارادا بووە بۆ گفتوگۆ و دانوسان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی نەتەوەیی کورد لە تورکیا لە ژێرناوی کۆتاییهێنان بە تیرۆر و بە کۆشەی چەکداری (پەکەکە).

بەدرێژایی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی بیست ژێربەژێر گفتوگۆ لەئارادا بووە و (پەکەکە) چەند جارێک یەک-لایەنەش شکۆی ئاگرتووە، تا ئەوەی بەدوای شکستخواردنی باکووری ئەفریقیا، گفتوگۆیەک لە (٢٠١٣)دا هاتەئاراوە و ئای گشتی لە ئاگادارکرایەوە، بەڵام ژمارەی سیاسییەکی لەدوای یەکەکانی تورکیا، لەوانەش ژمارەی (ئاک پارتی)ی ئەردوگان لە چوارچێوەیەکی تاکتیکی سیاسیدا مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە بە کەمکردنەوەی کاریگەری ئاژاوەگێڕی دژەکییەکان لەسەر تورکیا و وەڵامدانەوە بە قەیران و کێشەناوخۆییەکانی دەسەڵات.

بەڵام لە ئێستادا، وەڵای ئەو بنەمایە لە پڕاگماتیزمی سەرمایەداری بە هەنانەئارای ناکۆکییەکە و بە فشاردانان لەسەر هەردوو هێزی ناسیونالیستی کوردی و تورکی بە چارەسەرکردنی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، بەڵام وەڵای ئەم بنەمایە، ئاژاوەگێڕی جیهانی و ناوچەییەکانی هێرشەکانی ناوەڕاستیش زۆر زیاتر، قووڵتر و بەرفراوانترن لەوەی کە لە دژیەکانی ئابڕووەدا لە ئارادا بوون، وە چوارچێوەیەکی گشتی جیاوازیان لە هێرشەکانی ناوەڕاستدا هەناوەتە ئاراوە کە لە ئێستادا ئەم پرسەی دانوسان و گفتوگۆیەی ناوخۆی تورکیا لەناویدا لە ئارادایە، ئەمەش دەبێتە پاشپشتی ئەو پرسە ئابووریەی کە زۆرۆتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکەی پێویست کردووە، بۆیە لە ئێستادا ئەم ئاژاوەگێڕانە وادەکات کە دانوسان و گفتوگۆ بەتەواوەتی مامەڵەکردنێکی جدی تری کێشەکە و واوەتر بووات لە مەسەلەیەکی تەنها تاکتیکی، بەتایبەت دوای هێرشخانی ژمارەی ئاسەد لە سوریا، کە نێک هەر بووە پێشەوای هیژموونی تورکیا لە ناوچەکە، بەڵکو سنووری هیژموونییەکەشی نزیک کردۆتەوە لە سنووری هیژموونی دەوڵەتێکی فراوانخوازی هەگەزپەرست و فاشیستی ئایینی وەک (ئیسرائیل)، کە مایەی بەریەککەوتنی هەرچی زیاتری بەرژەوەندییەکان و ستراتیژی سیاسی و سەربازی ئەو دوو زلهێزەیە لە ئایندەدا؛ نێک هەر لەناوخۆی سوریادا، بەڵکو لە هێرشەکانی ناوەڕاستیشدا، کە تایدا (ئیسرائیل) دەتوانێت کارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بکاربهێنێت لە کێشمەکێشدا دژی هاکاری ناوچەییەکانی وەک تورکیا، کە دیارە ئەمەش هەستیاری و نیگەرانی بە دەسەڵاتی شۆفێنیستی لە

تورکیا دەنێتەئاراوە.

یەکانگیربوونی دوو فاکتەر

لایەک ئەوە پەرەسەندنی سەرمایەداری تورکیایە کە زەمینەی مادی هەناوەتەئاراوە بۆ فراوانخوازی و پێلهاویشتن و ڕوانبینینەکی چالاکانەی سیاسی و سەربازی لە ئاوگەڵێ ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لایەکیش ئاوگەڵەکان چۆن لە ناوخۆی ئەم وڵاتەدا ڕەنگدانەوەیان دەبێت و پێویستە چ بکرێت تا بەربەستێک بهێندرێتەئاراوە لەبەردەم نیگەرانی و مەترسییەکاندا. لەڕوە هەردوو بزووتنەوە بەرژوا ناسیونالیستە تورکیی و کوردییەکە، وە حزب و ڕێوتە سیاسییەکانیان، (ئاک پارتی و مەهەپە) لە لایەک و (دەم پارتی و پەکەکە)ش لەلایەکی ترەوە دەکەونە پێسپێکی دانوسان بۆ پاشکشەکردن بەیەکتری بۆ جەگۆ و شوێنێک کە بتوانن سازش لەگەڵ یەکتر بکەن و بەیەک بگەن، پاشان پەکەوە ئەم پێسپێی گۆشەی سەرمایەداری نیولیبرالیزم و سیاستی ئیمپریالیستانەی دەوڵەتی تورکیا و فراوانخوازییەکەی بەرنەپشۆ و ناسیونالیزمی کوردیش پشک و بەشی خۆی لە وەرگرێت.

بەدنیاییەوە لە حاڵەتی بەیەک گەیشتن و لەک تە گەیشین و بەمانایەک سەرکەوتنی ئەوەی پێی دەڵێن "پێسپێی ئاشتی" کەشمەکەشی ئەو دوو ڕێوتە ناسیونالیستە هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام لە چوارچێوەیەکی سیاسی مەژووییی تر و لە ئاستێکی تردا، هەروەک چۆن لە عێراقدا هەردوو ڕەوتی بەرژوا ناسیونالیستی کوردی و عەرەبی؛ بە سوونی و شیعەکەیەوە، بەیەک گەیشتوون و لە دەسەڵاتدا هاوپشکن و پرسەیەکی هاوبەش بەدژی کرێکار و زەحمەتکێشی سەراسەری عێراق بەڵکوو دەبێن، بەڵام هەموو ڕۆژێکیش لە کێشمەکێش و دانوساندان لەسەر پچەینی بەش و پشکی ئابووری و سیاسی زیاتر بە هەر لایەکیان، وە کرێکار و زەحمەتکێشی کورد و عەرەب و شیعە و سوننەش دەکەنەوە بەگژیەکدا بە ئەو مەبەستە. بەهەمان شێوەش لەوانەیە لە تورکیا (وە دوو ڕۆژی تریش لە سوریا و لە ئێران) ئەم سیناریۆیە بڵووە بچێت.

بەڵام لە ئێستادا ناسیونالیزمی تورکی زۆر لە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدای دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (۲۰۰۳) و ئێستای دەسەڵاتی ناوەند لە (دیمەشق)، بەهێزترە و چاوەڕوانی پێدانی ئیمتیازی بەشداری دەوڵەت بە ناسیونالیزمی کورد لە تورکیا لە شوێنی خۆیدا نییە، چوونکە لە لایەنی هەردوو حزبی دەسەڵاتەوە بە فەرمی شتێک لە ئارادا نییە بەناوی گفتوگۆ و دانوسان، بەڵکو داوایەکی ئەوان لە ئارادایە بە کۆتاییهێنان بە تیرۆر و چالاکی سەربازی (پەکەکە) و هەڵوەشاندنەوەی. دیارە ژێربەژێر لە دانیشت و یەکتربینینەکانی

شاندی (دەم پارتی) لەگەڵ هەردوو حزبی دەسەڵات (ئاک پارتی و مەهەپە) وادە و پەیمانێک لە ئاراداید، بەڵام لانی کەم لە هەنگاوی یەکەمیدا ئەم وادە و بەڵێنانە لە کرانەوە بەووی هەندە مافی فەرهەنگی و کلتووری نەتەوەیی، و ئازادکردنی (ئۆجەلان) لە زیندان زیاتر تە ناپەڵێت، کە پە دەچەت ڕەوتی بەرژوا ناسیونالیستی کورد لە کودستانی تورکیا وەک هەنگاوی یەکەم پەسەندازی بکەت و لە پەناویدا ببەتە بەشێک لە پڕۆسەیەکی درێژدان بە دەسەڵاتی ڕەوتی ئەردوگانیزم بە پاراستن و پشخستنی سەرمایەداری نیولیبرالیزمی تورکیا بە سیاسەتی فراوانخوازی ئیمپریالیستانیەوە. … ماویەتی … کەتایی مارسی ۲۰۲۵

کتێب\ لە کەتایی چاوەڕوانیدا.. نووسینی عومەر سەید

بابەت\ چیرۆک..

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن..

OmarSaeid- ChirokDownload

نووسین کائینێکی کۆمەڵایەتییە.. بەختیار محەمەد

نووسین کارێکە بۆ بەدیهێنانی خودیشە (خودی نووسەر)، هەر تەنها بۆ چێژ و مەعریفەی ئەوی دیکەی خوێنەر (وەرگر) نییە. ئەم کاری خۆبەدیهێنانە میکانیزمێکی کۆمەڵایەتیشە لە ڕێوان دەق (نووسەر) و ئەوی دیکەی خوێنەردا. واتە نووسەر لەڕێی ئەم میکانیزمەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی مەعریفی – ڕۆشنبیریی لە ڕێوان خۆی (دەق)

و خوێنەردا دادەمەزرێنێ. لێرەوە هەموو دەقێك (چ ئەدەبی بێ، چ سیاسی بێ، چ فەلسەفی بێ، چ هونەری بێ...) خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە. هیچ نووسەرێك نییە تەنها بۆ خۆی بنووسێ، ئەگەر وایە با بۆاوی نەکاتەوە؛ هەر کە دەق بڵاو کرایەوە، ئەوا دەبێتە خاوەنی خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی.

دەق، ئەگەر خەسڵەتێکی (مەبەستێکی) کۆمەڵایەتی نەبێ، ناخوێنرێتەوە. لێرەوە دەق ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا. هەر بۆیەشە منی خوێنەر، نووسەر دەناسم. واتە خوێنەر لەڕێی پێوەندی کۆمەڵایەتی دەقەوە نووسەر دەناسێ. واتە ئێمە لەڕێی دەقەوە پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نووسەر دادەمەزرێنین. لەمەوە هەموو خوێنەرێك هاوڕێ و دۆستی نووسەرە.(1) ئەوەی سیفەتی کۆمەڵایەتیش بە دەق دەبەخشێ، هەڵبەت کردەی خوێندنەوەیە. لێرەوە خوێنەر لەڕێی پرسەی خوێندنەوەوە، هەم پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نووسەر دەبەستێ، هەم لەگەڵ دەقیش. دیارە هەموو پێوەندییەکیش لە دەرەوەی خود، پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. لێرەشەوە پێوەندی لەگەڵ (دەق = نووسەر)دا پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. ئەدی ئێمە نزیکترین و بەهێزترین پێوەندی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ کتێبەکانمان و لەگەڵ کتێبخانەکانمان نییە؟ ئەدی هەر وەك دۆست و هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیش هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکەین؟ تەنانەت ئەوەندەش خۆشمان دەوێن، کە وەك بەشێك لە بوونی خۆمان سەیریان دەکەین. ئا هەر ئەمەشە، کە لووتکەی پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خود و ئەوی دیکە دیار دەکا و بەرجەستە دەکا؛ ئەو پێوەندییەی، کە لە نێوان خود و کەسێکی دیکە، یانیش لە نێوان خود و شتێکی دەرەوەی خود سەر هەڵ دەدا و پەیدا دەبێ. لێرەوە دەق پێوەندییە خودییەکەی دەگۆڕێ بۆ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بابەتەکیی (مەوزوعی).

لەمەوە، هەموو دەقێکی زیندوو، کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی زیندوو و چالاکیشە: باشترین و زۆرترین پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوی دیکەی خوێنەردا دروست دەکا و دادەمەزرێنێ. هەڵبەت پردی دامەزراندنی ئەم پێوەندییەش، پرسەی خوێندنەوەیە. ئاستییەکەی خوێندنەوە ئەو جیهانەیە، کە دوو کارەکتەر دەخوڵقێنێ و بە یەکتریان دەناسێنێ؛ ئەوانیش نووسەر و خوێنەرن. لێرەوە هیچ دەقێك نییە، کە کارەکتەرێکی چالاکی کۆمەڵایەتیش نەبێ؛ ئەم چالاکبوونەش پرسەی خوێندنەوە پێی دەبەخشێ.

دەق پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی مۆزوویی نەمریش لەگەڵ خوێنەر دادەمەزرێنێ. واتە لە ناو هەموو سەردەمەکاندا کارەکتەرێکی مۆزوویی زیندوو و چالاکیشە. ئەمە خەسڵەتی هەموو دەقە داهێنراوە

زیندووە نەمرەکانە. بەنموونە: ئەمە سەدان و هەزاران ساڵە، سەدە لە دوای سەدە و نەوە لە دوای نەوە، داستانی گەلگامێش و ئەلیادە و ئۆدیسە و شیرین و فەرهاد و قورئان وتەورات وئینجیل… دەخوێنینەوە و پێوەندی کەمەایەتی گەرمیان لەگەڵ دەبەستین و دادەمەزرێنین. هەبەت دەق هەرچەند زمانیشی پاراو و ڕەوان بێ، هێندەش باشتر دەتوانێ پێوەندی کەمەایەتی سەرکەوتوو لەگەڵ خوێنەری هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا دامەزرێنێ. دیارە پێوەندی کەمەایەتی دەقیش لەگەڵ کارەکتەری خوێنەرە، لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکە نییە. ئێ خ هەموومان دەزانین، کە پێوەندی کەمەایەتی نێوان خوا و مرۆڤیش هەر لەڕێی خوێندنەوەی (یا گوێگرتنی) دەقەوەیە: ئینجیل، تەورات، قورئان، ئاڤێستا… تاد. لێرەوە پێوەندی نێوان نووسەر (پەروەردگار) و خوێنەر (پەرستگار)، لەڕێی دەقی پیرۆزەوە، پێوەندییەکی کەمەایەتی پیرۆزیشە؛ کەواتە هیچ دەقێك نییە لە دەرەوەی پێوەندی کەمەایەتی بێ، مادەم دەخوێندرێتەوە ؛(2) مادەم دەشخوێندرێتەوە، کەواتە دەق خەسڵەتی کەمەایەتی هەیە. ئەم خەسڵەتەش – وەك گوتمان – پرسەی خوێندنەوە دروستی دەکا و بەرهەمی دەهێنێ؛ کەواتە هاوکێشەی پێوەندی نێوان: نووسەر – دەق – خوێنەر، سەد لە سەد خەسڵەتی کەمەایەتی بە دەق دەبەخشێ. لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێ بڵێم: من پتر لە دوو هەزار ساڵە هاوڕێی ئەلیادە و ئۆدیسە و ئینجیل و تەورات و ئاڤێستام؛ پتر لە هەزار ساڵیشە هاوڕێی قورئانم (هەموو نووسەرەکانیشیان دەناسم). چەند سەد ساڵێکیشە هاوڕێی خانی و شکسپیرم (دەزانم کە ئەوانیش کێن)… تاد.
لێرەوە بەدەردەکەوێ، کە نووسین لە هەر ژانر و لە هەر بوارێکدا بێ، خەسڵەتی کەمەایەتی هەیە. واتە دەق هەم ناوەندێکی کەمەایەتییە بێ بەستنی پێوەندی کەمەایەتی نێوان نووسەر و خوێنەر، هەم خۆیشی کارەکتەرێکی کەمەایەتییە، کە زۆرترین پێوەندی لەگەڵ خوێنەری هەمەجۆردا دەبەستێ و دادەمەزرێنێ؛ کەواتە هەموو دەقێك، دەقێکی کەمەایەتیشە. ئەم خەسڵەتەش، وەك گوتمان، کاری خوێندنەوە پێی دەبەخشێ. واتە دەقێك هەرچەند بخوێندرێتەوە، هێندەش دەقێکی کەمەایەتییە و زۆرترین پێوەندی کەمەایەتی (مەعریفی – ئەدەبی – ڕۆشنبیریی) هەیە.
ئاشکرایە دەقە پیرۆزەکان زۆرترین پێوەندی کەمەایەتییان لەگەڵ خوێنەردا هەیە (خوێنەری ئیماندار). ئەوان کە خاوەنەکانیان خوایە، پێوەندییەکی دەستایەتی ڕاستەخۆ لە نێوان هەردوولایاندا هەیە. واتە هەم خوا هەموو خوێنەرەکانی خۆی دەناسێ، هەم خوێنەرەکانیشی ئەو دەناسن. ئەمە پێوەندی بەوە هەیە، کە دەقی پیرۆز ڕەهەندێکی میتافیزیکیی هەیە. واتە دەقێکی گەردوونییە، بێ هەموو مرۆڤێکە بە

خوێندەوار و نەخوێندەواریەوە. ئەم دەقانە پەرستگایان هەیە، وەك دەقی ئاسایی نین؛ بۆیە زۆرترین خوێنەر و گوێگریان هەیە. ئەم دەقانە دوو جۆر پێوەندی لەگەڵ خوێنەر دەبەستن: پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی واقیعی و پێوەندییەکی میتافیزیکی ڕۆحانیش. دەبێ بزانین، پێوەندی خوا لەگەڵ خوێنەرەکانی، وەکو هەر هەموو نووسەرانی دیکەی ئاسایی، ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو لەڕێی دەقەکانیەتی. واتە دەق ناوەندی پێوەندی کۆمەڵایەتی (ڕۆحانی و میتافیزیکی) نێوان خوا و هەموو خوێنەرەکانیەتی (یاخود گوێگرەکانیەتی). ئێستا تێدەگەین، کە دەق پردی پەیوەندی خودە (خودی نووسەر و دانەرە) بۆ لای خودی ئەوی دیکە (خودی ئەوی دیکەی خوێنەر و گوێگر). واتە دەق دوو جۆرە خود بە یەکتر دەناسێنێ: خودی نووسەر و خودی خوێنەر. دەشێ بڵێین: دەق وەك ((پلکە پێناوی)) ناو حەیرانی عەشقی کوردییە، کە ئاشقە و ماشقە، نووسەر و خوێنەر بە یەکتر دەناسێنێ و دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان هەردوو خود: خودێك گوتاری پێیە و قسە دەکا، خودێکیش ئەم گوتارە وەردەگرێ و گوێ دەگرێ و دەخوێنێتەوە. هەردوو خودەکەش لەڕێی عەشقێکەوە یەکتر دەناسن: عەشقی نووسین و عەشقی خوێندنەوە. لێرە دەق وەك ((پلکە پێناو)) ئەو دوو عاشقە بە یەکتر دەگەیەنێ: عاشقی نووسەر و عاشقی خوێنەر. ئایا هیچ ئیماندارێك هەیە، کە عەشقی خوا و عاشقی دەقەکانی نەبێ؟ ئەی چەند خوێنەر هەیە، کەی عاشقی فانە نووسەر و فانە دەقە؟ هەروەها نووسەریش، ئەگەر عاشقی خوێنەر نەبێ، نانووسێ. لەمەوە وەك بڕێی دەق جۆزوانێکە بۆ ژوانی نێوان نووسەر (خوا) و خوێنەر: نووسەر لەڕێی دەقەکانیەوە (واتە دەق دەبێتە هەمز و نوێنەری ئامادەبوونی ئەو) دەچێتە لای خوێنەر و هەردوولا لە جۆزوانی دەقدا یەکتر دەناسن و پرسەی خوێندنەوەش دەبێتە تاکە بەردی بناغەی پتەوی پێوەندی نێوان هەردوولایان. بەم شێوەیە دەق (نووسین) کائینێکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا.

پەراوێزەکان:

1- ڕاستە نووسەر ڕاستەخۆ زۆربەی خوێنەرەکانی ناناسێ، بەڵام دەقەکەی – کە پاژێکە لە خۆی – ڕاستەوخۆ دەیانناسێ. هەبەت ئەمە دەقە پیرۆزەکان ناگرێتەوە، کە خودا خاوەنیانە و هەموو خوێنەرەکانیان دەناسێ.

2- واتە خوێندنەوەش هەرچەند پرسەیەکی خودییە، هێندەش پرسەیەکی کۆمەڵایەتییە.

3- پلکە پێناو = پێناو: واتە نێوەندگیری (وسیط) ی نێوان دوو

ئەڤیندار.

بەختیار محەمەد

پەیامەکەی عەبدوللا ئۆجەلان و ئایندەی مەسەلەی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان.. موئەیەد ئەحمەد

گفتوگۆی شەماڵ عەلی لەگەڵ موئەیەد ئەحمەد لە کەناڵی هیوا

ووتکردنەوەی ڤیژنامەی ڕووت:
لە بەرنامەی (کەناڵی هیوا)ی یوتیوب تی ڤی، ئیوارەی (٣) مارسی (٢٠٢٥) گفتوگۆیەکی هاوڕی شەماڵ عەلی لەگەڵ هاوڕی موئەیەد ئەحمەد پێشکەشکرا بەناونیشانی: پەیامەکەی عەبدوللا ئۆجەلان و ئایندەی مەسەلەی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان.
لەبەر گرنگی باسەکان ڤیژنامەی (ڕووت) هەمان ناوەرۆکی ئەم گفتووگۆیەی بەکەمێ ئیدیتەو ئامادەکردووە و هەر ستایەکەشمان زیادکردبێ بە ووتکردنەوەی باسەکە لە نیوان دوو کەوانەی گەورەدا دامان ناوون.
شەماڵ عەلی: هەکارەکانی پەیامەکەی ئۆجەلان و ئەو فاکتەر و پاپشتوونەرانەی بوونە هۆی ڕاگەیاندنی بە تایبەت لەم کاتەدا (٢٧-٢-٢٠٢٥) چین؟
موئەیەد ئەحمەد: لە هەردوو لایەنی ڤڕەمی ئەردوگان و ئۆجەلانەوە چەند هەکار و فاکتەرێکی تازە لە ئارادان، بەتام سەرجەم ئەم جارە دەستپێشخەریە بە ئاشتەوایی (صلح)ی نیوانیان شتیکی تازە نییە چونکە لە چەند ساڵی ڕابردووشدا لە فەرم و شێوازی تردا ووێناوە.
بە دڵنیاییەوە تورکیا و ڤژیمەکەی ئەردوگان بەشیکی هەکارەکان پێوەندیان بە کێشمەکێشی سیاسی ناوخۆی تورکیاوە هەیە و بەشیکی

تریان پەیوەندی بە ئاوگۆ و پشهاتکانی ناوچەی ژەهاتی ناوەراستەوە کە پاش (١٦) مانگ لە جینوسایدی ئیسرائیل لە (کەرتی غەززە) و کوتنی ژمی سوریا و پاشکشەی ژمی ئێران لە ناوچەکە بتایبەت پاش چوونە دواوەی (حزبوڵا)ی لوبنان، فراهم هاتووە.

"بەام هکاری پایەیتر لەهەر هموو ئمانە مسلە و کشکانی کپیتالیزمە لە تورکیادا، مسلەی سیاست و نخشە و ستراتیژ بە بەیوبردنی و ئیدارەکردنی بڕژەوندییە نتەوەیی و ناوچەیی و نیودەوەتییەکانی خودی (سرمایەی نتەوەیی تورکیا) و ئم سیستمە سرمایەدارییە و ئم هەوندە ئابوری و سیاسییانەی کە لە ناو تورکیادا لە ئارادان"

ئمە جگە لە بڕژەوندییەکانی ئردوگان بە مانەوەی خی و ژمەکەی و ئامادەکاری بە هەبژاردنکانی (٢٠٢٨) و پیوستی بە دنگدرانی ناوچەکانی کوردستانی تورکیا کە هموووی فاکتری سیاسیین و ییان هەیە بە ئم دستپشخرین.

بەام لە هموو گرنگتر و لە دی هموو ئم ئاوگۆیانەدا؛ "تورکیا وەک دەوەتکی کپیتالیستی ناوچەیی بهەز و تانەت وەک هیزیکی نیودەوەتی، و دەوەتیکی میلیتاریستی ئیمپریالیستی، ئیەوەت نخشی خی بگیەت لە ناوچەکەدا، و هەر سیاستکیش کە لەم فتریدا ئیگرتبەر، لەدواشیکردنەوەدا، پیوەندی بەم مسلەیەوە هەیە؛ بە بڕژەوندییە ئیمپریالیستییە ناوچەییکانییەوە …"

شمال عەلی: سبارەت بە فاکتری ئاوگۆییکانی ئمەی جیهان لەم ەکوتندا چی دەت؟

موئید ئحمد: سرهدانی ترامپیزم و نیو فاشیزم و گڕانەوەپرستی و گرتنبەری ئم سیاست و ستراتیژ بوتە واقعی سیاسی لە زربەی وتانی ژئاوادا، بەام ژمی ئردوگان ناتبا نییە لەگڵ ئم پشهاتانە و هکشانی کنەپرستی سیاسی جیهانی ئمە، ئویش لەبرئوەی کە وتی ئردوگان، ئیستیبدادی و ئیسلامیستە، و لە هوی بهیزکردنی هرچی زیاتری دەوەتی بورژوازی تورکیایە و لە بواری جراوجردا سیاستی نیوفاشیزم پیرەو دکات و باس لە زیادکردنی دانیشتوانی تورکیا و بهزکردنی "ئیمپراتورکی" دکات.

دیارە لە هەمان کاتدا ژیمی ئردوگان ووبووی قیرانی ئابووری تورکیا و قیرانی (سیاسی دسات و ژمەکیەتی)، بەام هموو وتان بە پلەی جراوجر قیرانیان هەیە و لە هماکاتدا ستراتیژیان هەیە، باسکمان لەردا لسر ئم ستراتیژیە. ئم ستراتیژیە کە بەخی توخمکانی، قیران و تماحکاری ئیمپریالیستی

و جیۆپۆلیتیکسی بۆ هێزەکانی ناوچەیی تەدایە بۆ دووتەک کە هێزکی سەربازی گەورەیە و فڕۆشیاری درێنز و چەکی تڕ و سوپاکەی لە جەنگکی بەردەوامدا مەشقی پێکراوە.
بۆ تورکیا هەم سیاسەتی ئاشتیەوایەکەی و هەم سیاسەتی ناوچەییکەی، بردنە پێشەوەی تورکیایەوک دووتیکی یەکەم و بەهێز لە ناوچەکەدا لە هەولومڕجکدا کە ژەمی ئیران پاشکشەی کردووە و لە ژێر فشاری ناخەیی و فشاریکی زۆری ئەمریکادایە، و سوریاش ئاوگۆی تیا فڕاهەم هاتووە بۆ قازنجی تورکیا. هەر بۆیە زیاتر لە جاران ژەمی ئەردوگان لە هەوەدایە دریژکراوەیی ناوچەیی هەبێت نەک هەر تەنها وەک فیکری ئیخوانی و ئیسلامیزم، بەکو وەک هێزکی ناوچەیی و دەسەڵات. دیارە هەموو ئەمانە لە پشتی دەستپێشخەریکەی ئەردەگان و ژەمەکایەتی بۆ ئەوەی کە ئەم بوارە بۆ ئەجەلان بدەن تەنانەت بۆ ئەگەری گەیشتن بۆ ڕیکەوتن لە گەل (پ ک ک)ش، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ستراتیژ و سیاسەتە پڕ لە ناکۆکی و کارەکی ئاسایی و سادە نییە.
شەماڵ عەلی: بۆچی ئیستا ئەم پێیامە دەنەردرێت؟ دیارە ئەوەی لە نامەکەی ئەجەلاندا هاتووە شتکی تازە نیە و دەستپێشکەرێکەی هی تورکیایە بەڵام بۆچی لە ئیستادا ئەم دەستپێشکەرێە ئەکات؟
موئەیەد ئەحمەد: ئەوە ڕوونە کە بارژەوەندیی سیاسی و ستراتیژی ئیستای تورکیایە کە ئەم مەسەلەیەی هێناوەتە پێشەوە (و ئەم دەستپێشکەرێە ئەکات). بە ئەجەلانیش (ئەم پرۆژەیە) شتیکی تازە نیە و هەنگە تەنها هەواشاندنەوەی پ ک ک تازە بێت لە پێیامکەیدا. هەروەها، [پ ک ک] لە ژێر فشاریکی گەورەدایە و ئەم پێیامەی ئەجەلان لە پگەیەکی بەهێزەوە نیە هەم لەبەرئەوەی کە تورکیا زۆر بەهێزترە لە جاران و فشارکی گەورەی سەربازی دروستکردووە بۆ (پ ک ک) و کادرگەلکی زۆر لە [پ ک ک] کوژراوە. بەڵام لە لایەکی ترەشەوە [پ ک ک] بەهێزە هەم لە باری ئابووریەوە و هەم لە باری نفوزی سیاسی و فیکری و کەلتوری لە ناو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، بە تایبەت لە تورکیا و سوریا و کاریگەری بەجێهێشتووە و پایەیکی کەمایەتی هەیە. ئەم فاکتەرانە یارمەتیدەرن کە گەر واز بهێنە لە هێزی چەکداری ئەتوانی دریژە بدات بە کاری سیاسی خێی بە شیوازی تر.
بەڵام ئەو نامەیەی ئەجەلان بەدەر لە ناوەرۆککی فیکری و سیاسی و مەسەلە و پلانیک کە تیایدایە لەبەراورد بەو واقعەی کە لە دەرەوە هەیە، دوو شتی جیاوازن. مەرج نییە ئەم پێیامە ببێت بە کردار و تەنانەت [پ ک ک]ش پێی ڕازی بێت لەگەڵ هەموو نفوزکی فیکری و سیاسی کە ئەجەلان هەیەتی.

شەماڵ عەلی: ئەگەرەکانی شکستی زیاتر یا جڵبەجێکردنی؟
موئەیەد ئەحمەد: توخمەکانی شکستی زۆر تیایە، بۆ ئەی من، چونکە دوو لایەنی زۆر نابەرامبەر و نایەکسان لەم ڕێکەوتنەدا هەن، مەرج فڕزکراوە بۆ سەر لایەکیاندا، نەک ئەوەی ئوردوگان هاتبێتە پای ئەوەی کە ئاشتوایەکی جیدی بکات. و لەلایەن [پ ک ک]شەوە بواری ئەوەی تیایە کە گەر ئەم پرسیارە سەر نەگرێت، ئەو دریژە بە کاری خەی بدات و ژەمی ئیران هەیە کە دەتوانێ یارمەتیدەری بێت و لە هەماکاتیشدا هەزی هەیە و هەڕەکانی [هەسەد] هەیە بەیە من باوەر ناکەم کە ئەم پرسیارە بە سادەیی بچێتە پێشەوە.
هەروەها ژەمی ئەردوگان لە ژێر فشارێکی ناوخۆیی ئازادیخوازانەی ئەوتەدا نییە تا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکات دیارە ئەمێش بە هەی شەر و پێکدادان و درز و قڕێشت لە نیو چینی کرێکار لە ناخەی تورکیا و بەشی کوردستانەکەیدا، کە نفوزی فیکری ناسیۆنالیستی لە هەر دوو تەرەفەوە دروستی کردووە.
شەماڵ عەلی: بەڵام لە ژیر فشارێکی ئابوری گەورەدایە تورکیا و ئەبە ئەو ڕاستییە بزانین و فشاری ئابووری هەیە لەسەر ژەمەکەی.
موئەیەد ئەحمەد: ئەم پرۆژەیەی ئەردوگان مەرج نییە وەک سیاسەت و ڕێگە چارەی ئابووری هاتبێتە ئاراوە، چونکە چارەسەری قەیرانی ئابوری سیاسەتی موشەخەستری ئابوری دەوڵەت و تەنانەت هەر ئیستا توانیوێتی کەمەک، بە گڕینی سیاسەتی لەو بوارەدا، گرانی بهێنێتە خوارەوە. بەروام وا نییە کە ڕێگە چارەی ئابوری لە پشتی ئەم دەستپێشکەرییەی تورکیاوە بێت، بەڵکو زیاتر ئەوەیە کە سیاسەتکی هەیە ژیمی تورکیا و ستراتیژیکی هەیە بە ئیدارەی کەپیتالیزم و بەرژوەندە ناوچەییەکانی و تەماحکارییە ئیمپریالیستییەکانی وە ئەمە لە پشتی ئەم پرۆژەی ئاشتوایەوەیە.
ئوردوگان پێش باخچەلی ئاماژەی دا کە بارودۆخی ناوچەکە گۆڕاوە و ئەبی تورکیا جڵگە و شوێنی خەی و ستراتیژی لەم هەلومەرجەدا دیاری بکات، نەک هەر ئەمێش بەڵکو ئەم ئاوگۆڕیانە فرسەتکە کە ئەردوگان و ژەمەکەی ئەو بەرژوەندییە ستراتیژیانە بەرەو پێش ببن و ئەم دەست پێشخەریش هەر لەم ڕاستایەدایە.
شەماڵ عەلی: تە باسی ئیمراتەریێت کرد، ئەردوگان دەیەوێت خەی پێناسە بکاتەوە، و یان چێ؟
موئەیەد ئەحمەد: ئوردوگان خەی باسی ئەو مەسەلەیە ئەکات و بەڵام هەر دەربڕین و کونسێپتکی سیاسی لە سەر زەمینەی ئەمڕەی سەرمایەداری وواقعی جیوپۆلیتیکسی ئەتوانی مانای هەبێت. تورکیا ئێستا ببی بە هەزیکی ناوچەیی گەورە و ئیستا ئەو دەورە ئەبینێت وکونسێپتی ئیمپراتوری ئەو ئەم مانایەی هەیە.

شەماڵ عەلی: بەشێک لە چەپەکان بەوایان وایە کە ئەجەلان و تورکیا ناتوانن چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی بکەن لە کوردستانی تورکیادا؟ تە ئەلەی چی؟
موئەیەد ئەحمەد: مەسەلەی نەتەوەیی، مەسەلەیەکی سۆشیالیستی نییە تا نەتوانری لە چوار چیوەی کۆمەڵگەی بورژوازییدا چارەسەر بکرێت. هەر بەیەبەو شیوەیەها (مطلق)یە نییە، کۆشەی نەتەوەیی مەسەلە و پرسەیەکە و لە ڕێچکەی خۆیدا و بەنگە لە بەوەندی پەرسەندنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و خەباتی چینایەتی ناو ئەم وڵاتەدا ئەم مەسەلەیە چارەسەر ببێ.
شەماڵ عەلی: کاریگەری ئەم پرسەیەی ئەردوگان لەسەر جوڵانەوەی ناسیونالیستی چی دەبێ؟ و لە سەر جوڵانەوەی سۆشیالیستی چۆن دەبێ؟
موئەیەد ئەحمەد: ئەم پرسەیە کاریگەری هەیە لە سەر کوردستانی تورکیا وعەراق و زەر شەینی تر، و لە سەر باڵە جیا جیاکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی بە نمونە، ئەوەی کە هەتا ئیستاش پابەندە بە شەری چەکداریەوە، ئەم سیاسەت و ستراتیژ و ئەم پرسەیە کاریگەری نەرینی لە سەر دائەنێ.
ناسیونال ڕادیکاڵەکانی ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی هەر ئیستا تەشی نائومێدی بوون کە هەموو مەسەلەیەکی ئەوە بوو کە چەند بە دژی (پارتی)یە، بەنام ئیستا سەیر دەکات کە (پارتی) و (پ ک ک) پێکەوە پرۆژەیەک دەبەنە پێشەوە.
کاریگەری لە سەر بزوتنەوەی سۆشیالیستی و کرێکاری لە کوردستانی سوریا و تورکیا و شۆنکانی تر جیاوازە. چینی کرێکار لەم ناوچانەدا دەرگیری کەتی فکر و (ئاسەی سیاسی) ناسیونالیستییە و هەر پاشکۆیەک لە کەنترالی سیاسی و هیژمەنی فکری و سیاسی ناسیونالیزم، فەزایەک دەکاتەوە لە بەردەمیان و لە بەردەم خەباتی چینایەتییان. بەم مانایە ئەوە ئەرێنیە گەر شەڵ و پێکدادان نەبێت و لە پرسەیەکی سیاسیی و فەزایەکی ئاوەڵای سیاسی و ئارامدا کەشمەکەشکانیان بەرەوپێش بەرن.
شەماڵ عەلی: با بچینە سەر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی نامەکەی ئەجەلان.
موئەیەد ئەحمەد: پەیامەکەی ئەجەلان هەر هەمان ئەو سیستمەیە کە ئەجەلان هەیەتی کە پاش ڕووخانی [یەکەتی سۆفیەت] دەریبەیوە و کە بەوای بە دەوڵەت نەتەوە و فیدراڵیەت و حوکمی زاتی نەماوە. هەروەها ئەوە سنووربەندی کردووە لەگەڵ سۆشیالیزمی ڕاسەمی و ستالینیزمدا.
یەکێک لە کەشە بناغەییەکانی ئەجەلان ئەوەیە کە ناچیتە سەر چین و سۆشیالیزم، و ئەو دوو مەسەلەیەی بەجەهێشتووە. ئەو سنووربەندییەی لەگەڵ سۆشیالیزمی دامەزراودا (الاشتراكية المشيدة)دا، مانای هەیە

بە ئەجەلان و سنووربەندییەکەوە هەر جارە سۆشیالیزمەکدا دەنگە ئەمەی خۆی بە سۆسیالیزم دابنێ، بەڵام وەکو سیاسەت و ئەجیندە لە سیستمی فیکری ئەجەلاندا سۆشیالیزم بەو مانا چینایەتییەی نەماوە و ئەمە لە نامەکەیدا هاوونە.
شەماڵ عەلی: بەڵام ڕیبازی ئەجەلان کە پڕ ئاوترێت بەناوبانگی دیمکراسی تازی (بوکچین)ە کە مانیسیپاڵیەتییە کە لەم دەگەڵیدا سۆشیالیزم ئەنجام دەدات بەڵام وایە باسی چین و خەباتی چینایەتی لە فیکری ئەجەلاندا نەماوە.
موئەیەد ئەحمەد: جگە لە وەش ئەجەلان باسی کۆیلەتاکات، باسی کۆیتالیزم وەکو سیستم ناکات، بەڵام ڕەخنەی لە دەوڵەت نەتەوە هەیە. سۆشیالیزم یانی ڕزگاربوون لە سەرمایە، لە خاوەندارێتی تایبەت بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئەم کۆنسێپتە نەماوە لە لای ئەجەلان.
هەر خودی ئەم سیستمە فیکری و سیاسییەی ئەجەلان گەر سەیری بکەیت لە دیدگای سۆشیالیستێوە، دەبینی کە ئەمە ئاڵقەیەکی میانەیی [وسطی] و ڕەگوزارە بە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی، بەڵام ئەم ئاڵقەیە ماناکەی ئاوە نییە کە دەگاتە شاوە چارەسەری سۆشیالیستی بە کۆشکە، بەڵکو ئاڵقەیەکی میانەییە کە ئاوی تریان واتە ئاو چارەسەر سۆشیالیستییە لەبار دەبات و ئیحتوای دەکات.
ناسیونالیزمی تەقلیدی کورد وەک ئاوی [بەرزانی و پارتی] کە باسی دەوڵەتی کوردستان و تەنانەت ئیفراندومیان بەرپاکرد بێ و [مەسعود بەرزانی] دەیویست کاتێک کە خۆی سەرکە ئەو مەسەلەیە ئەنجام بدات، ئەو ستراتیژیان هەیە، بەڵام ئەجەلان هاتووە لە شەنەکی تراوە باس لە مەسەلەکە دەکات. ئەم لە پایەو و لە کەمینیەتییەکان کە شوناسی جیاوازیان هەیە دەست پێ دەکات. ئەجەلان پرسی چینەکان و ئاووخاندنی سەرمایە و دامەزراندنی کەمەگای سۆشیالسیتی و بەرقەرارکردنی یەکسانی نیوان ئینسانەکان لەسەر بنەمای دامەزراندنی سیستمیکی ئابوری -کۆمەایەتی بەرزتر کە (کۆمۆنیزمە) لە دەستوری کاری خۆی وەلا ناوە، و لە سیستمی فیکری [پ ک ک] و هیچ لایەنێک لەو لایانەنەی بەرگریکار لە ئەجەلانیشدا نییە.
ئەو سنوربەندییەی کە ئەجەلان کردوویەتی لەبەرامبەر "سۆشیالیزمی واقعیدا" هەر سنوربەندی نییە لەگەڵ ئەو جارە شۆشیالیزمدا، بەڵکو سنوربەندییە لەگەڵ خودی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕانە و مارکسیزمدا.
ئەگەر لە ئاوانگەی میژوویەوە سەیری بکەین ئەبینین کە ئەم تاحەی ئەجەلان تاحەکی میانەیی و ڕەگوزارە بە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی و هێز و لایەنکی ناسیونالیستیە، و هەر بەو پێیش بە لەباربردنی ڕەگەچارەی سۆشیالیستیە بە مەسەلەی نەتەوەیی.

شەماڵ عەلی: ئەوەی کە ئێجگار ئەیوەت بیهێنی هەر ئەوەیە کە ئیستا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە. من ناتوانم ئێجگار ئیتهام بکەم بەوەی کە لە هەولێردا هەیە چونکە ئێجگار بە هەموو تیزکانیەوە بە دژی ئەو پرسیەیە.
موئەیەد ئەحمەد: من وتم تەرحکانی ئێجگار مەسەلەیەکی گەورەیە [انتقالی]ە، و ئەوەی بێجیهیشتووە کە لە هەولێرە، بەڵام من باسی شتیکی واوتر دەکەم. تە خەشت باست لە هەندە ناکۆکی کرد تەنانەت مەسەلەی پشتگیری ئازادی سیاسی و دەوری هێزکانی [هەسەد].
ئەمانە هەمووی کێشەدارن، و ئاوا نییە بە سادەیی بڕوات و کەمتەرخەمی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بتوانی کەنسێپتی چینایەتی لە سیستەمی بیرکردنەوەتدا دەر بکەیت و بڵێی من شتیکی جیاواز دەهێنمە دەرە لە (بەرژەوەندی جەماوەری نەدار)، و ئەوە ئەزمونی هەموو دنیایە.
ئەمەی ئێجگار کەمتەرخەمک شتی باشی تیایە هەم لە سەر مەسەلای ئازادییەکانی ژنان و تێپەراندنی سنووری نەتەوە و چاکسازی بواری ژینگە و هەموو ئەمانە جگەی [تەئییدن]، بەڵام باسەکە لەوە واوترە.
شەماڵ عەلی: دیموکراتیزمی کەنفیدرالی وئەم ستراتیژا چۆن لەبەرامبەر تەرحی سۆشیالیستیدا وەستاوە؟ ئەوانە چین کە یەگە چارەی سۆشیالیستی بە مەسەلەی نەتەوەیی کارسازتر ئەکەن؟
موئەیەد ئەحمەد: کێشەیەک هەیە کە ستەمی نەتەوەییە وە ئەمەش بەپلەی سەرەکی لە سەری خەڵکی کریکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ستەملێکراودا دشکێتەوە، و خەبات و بەرەنگاری هەیە بەرامبەری، بەڵام کە دێتە سەر سیاستی ئەم بەرنگاربوونەوەیە لە لایەن گەوتی بورژوا ناسیونالیستی کوردەوە، دیارە بورژوا ناسیونالیستی عەرەب و فارس و ئەوانی تریش هەر وەهایە، لەبار دەبرێت و فەرمکی دەداتە و شیواز و شێوەکارێکیشی بە دەهێنێ و بە میکانیزمێک ئامانجەکانی خۆی دەباتە پێشەوە و گەگە بە بەرەوپێشچوونی (بزوتنەوەی چیانیەتی سەربەخۆی کرێکاران) دەگریت.
لە بەری ئەوەی سیاستی دژی ستەمی نەتەوەیی لە پێوەند بە کەمگەکەوە و بە خەدی ئەو چینەوە کە بەدەست ئەو ستەمە نەتەوەییەوە دەناڵێنێ بەرجەستە بکرێتەوە و بە ئەنجام بگات، گەوتی ناسیونالیست یەکسەر دێباتەوە ناو کێشمەکێشی ناوچەیی و جیە سیاسییەوە، و ئەم فەرمی دەداتە، و دیارە لە هەمانکاتدا بە هێزی چەکداریەوە ئەم کارە دەکات و بەجارێک پرسەکە کەتایی پێ دەهێنی و ئەمش دەبێتە بەشیک لە کەنترڵی بورژوا ناسیونالیست بە سەر بزوتنەوەی سۆشیالیستی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا و هەردەم دووبارە دەبێتەوە وە (پ ک ک)ش هەمان کار دەکات.

بەشیک لە ناسیونالیزمی چەپ و تەنانەت هەندی لە سۆشیالیستەکان کە چەپی ناسیونالیستن دژن بە هەمان شیوە ئیم کلتوور و ترادسیۆنە و شیوە کارە ئینجام دەدەن، و لەدوا شیکردنەوەدا وەکو باسکی تری ناسیونالیزم دەور دەبینن و هێگری بە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دادەنرێن کە (بەهۆز ببیت وەک بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی چینایەتی) و سیاسەتی سەربەخۆی خۆی لە بواری وەلانانی ستەمی نەتەوەیی بۆئینجام بگەیەنە، و ئیگە چارەی سۆشیالیستی بە مەسەلەی نەتەوەیی خۆی بەرجەستە بکاتەوە. بەم پێیە هەر زوو چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی سەرکوت دەکەن و (ناهەلن ئینتیرناسیۆنالیزم و هاوخەباتی چینایەتی نیوان کرێکارانی نەتەوە جیاوجیرەکان) گۆشە بکات.
خەمان لە هەموو ئیم کێشمەکێشەدا ژیاوین و دیومانە. لە سالی (١٩٨٤) و لە کاتی ناکۆکیەکانی ناو هێکخراوی "یەکێتی تێکۆشانی کارگێران" و سەرۆتای دروستبوونی هێکخراوی "هێوتی کۆمۆنیست"، بەیاننامەیەکمان دەرکرد لەبەرامبەر دانوسانەکەی [مفاوەزاتەکەی] [یەکێتیی نیشتمانی کوردستان] لەگەڵ ژێمی [بەعس]دا، و بەیاننامەکەمان هەر بەناوی "کۆمۆنیست" ەوە دەرکرد. لەوەدا وتمان کە بە ئیمەی کۆمۆنیست ئەوە فەرق ناکات [یەکێتی] دانوسان دەکات یان شەڕ دەکات، چونکە هەردووکی یەک سیاسەتە و کاری یەک هێوتە کە ئیمە لە دژەوەی ئەوین و لە بەرامبەریداین. ئیستاش بە ئیم پەیامەی ئێجلان و (پ ک ک) هەمان شتە گەر شەڕ بکات یان ئاشتی هەر هەمان سیاسەتە و هەمان هێوتە.
تەرحی ناسیونالیستی کلاسیک ئەویە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست ببە، وە دروستبوونی ئیم دەوڵەتە [لە دیدگای بەشیک لە چەپەکان] هەقی نییە بەسەر ئەوەی کە بوژروازی ئیدارەی دەکات، یا [پارتی]، وەیا هەر لایەنیکی تر. تەنانەت لە یفرانداەمکەی (٢٠١٧)دا زۆر هوون بوو کە بەشیکی زۆری چەپەکان و سۆشیالیستەکان کەوتنە شەینی ئەو مەسەلەیە. تیوریەکیان ئەوە بوو کە کێشە نییە [بازارنی] باسی یفرانداەم دەکات و"گرنگ ئەوەیە" کە ئەو یفراندەمە سەربەخۆیی کوردستان ئینجام دەدات و ئیمە ئەبە بەین لە گەیدا لەبەرئەوەی مەسەلەی نەتەوەیی چارسەر دەکات، و ئیمە تیریەکیان بوو و دیارە ئیم باس و تیوریە نا سۆشیالیستیە. وەک کۆمۆنیستیک زۆرە بە موشەخسی باسی مەسەلەی نەتەوەیی بکەیت و (بەرژەوەندی خەباتی ژگاریخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ستراتیژتدا بێت).
مافی دیاریکردنی چارەنوس و تا ئاستی دەوڵەتی سەربەخو، وەک کۆمۆنیستیک پێرەوی دەکەیت، بەڵام ئیم مەبدئە گشتیە لە واقعی

ئەمڕۆی سەرمایەداری و پارسەنگی هێزە چینایەتییەکانی دەروونی و لەم هەلومەرجەی پەلاریزبوونەوەی چینایەتی ئەمڕدا کە جیهان تا داو پلە چینایەتی بووەتەوە، مانی خۆی هەیە، و ناتوانی بە ئاسانی بەیی ئۆگەر [پارتی] بچێت ڕیفراندەم بکات یانی مەسەلی نەتەوەیی چارەسەر دەکات و ئیتر تەواو [وەک ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە سەربەخۆ بێت و هیچ لایەنێکی چینایەتی و مەرکی کەشمەکەشی چینایەتی پیوە نەبێت]. پارتی مەسەلەی میللی بە فەرمەک چارەسەر دەکات کە بە بورژوای و ناسیونالیزمە، بەڵام بە چینی کرێکار هەمان کەشە هەر ماوە بە شێوەیکی تر و گواستنەوەی (چەوسێنرایەتی لە بورژوازی دەروەی کوردستانەوە بە بورژوازی ناوخۆی کوردستان).
لە بینی (لە دەرەوەی) ئەم تێرحە کلاسیکە و ئەوەی ئێجەلاندا بە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی تێرحی سۆشیالیستی هەیە کە جیاوازە لە هەردوکیان. تێرحی سۆشیالسیتی وەک وتم، یەکەم، چینایەتییە و لەسەر بنەمای چینەکەوە دەست پێ دەکات و بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی لە بەرچاو دەگرێت، و دووەم سۆشیالیزم و خەبات بە سۆشیالیزم پرەسەسکە و شتیک نییە و بەیت کاتیک بەئەنجام دەگات کە هەر دەبە تە داینەیت بە سەربەخۆیی نەتەوەییدا تێپەڕیت و بروات، گوایا ئینجا دەگەیتە سۆشیالیزم. زۆر کەس لە چەپەکان وسۆشیالیستەکان ئەوە دەخەووو و ئەلەن با سەربخۆییەکە ئەنجام بدەین ئینجا سۆشیالیزم لە کوردستاندا بەئەنجام دەگات، لە وەامدا دەیم بەڵام سۆشیالیزم پرەسەسە و خەباتێکی چینایەتییە، و ئۆگەری ئەوە هەیە لەم پەسەسەدا کرێکارانی تورک و عەرەب و فارس و کورد زمان کە بۆرژەوەندییەکی هاوبەشی چینایەتیان هەیە سۆشیالیزم ئەنجام بدەن پێش هەر سەربەخۆییەک و (خەیان فەرمەکی دیارکراو بە چارەسەری هەمان کەشەی نەتەوەیی ئەنجام بدەن). دیارە ئەم تێرحە زۆر زۆری فەرقە لەگەل ئەو تێرحەی تریاندا و دوو تێرحی چینایەتی جیاواز و دوو مەنهەج و تیوری جیاوازن.
ئەمەی ئێجەلان بە ەای من و بەدەر لە ووردە کاری خاەکانی ئەلقەی میانەییە لە نیوان تێرحی کلاسیک و تێرحی سۆشیالیستی، بەڵام ئەم ئەقە میانەییە ئیحتوای تێرحی سۆشیالسیتی دەکات و ەگەرتنە لەی نەک گەشەسەندنی تێرحی ئێجەلان بە تێرحی سۆشیالیستی.
٢٠٢٥-٣-٣١

ئێران.. بەرەنگاربوونەوەی نەک دانوستان لەگەڵ دیکتاتۆریەت!.. عەبدوڵڵا حەسەنزادە

پێشەکی

رژێمی ویلایەتی فەقیهی کە زیاتر لە چل ساڵە دەستدارە لە ئێران، بناغەکانی خۆی لەسەر سەرکوتکردن، توندوتیژی، تۆقاندن و سیاسەتی فێڵبازانە لە ناوخۆ و دەرەوەدا بنیات ناوە کە ئەمڕۆش درێژەی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی پێشووە و خەڵکی ئێران نایانەوێت. ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە نەک هەر ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵکی سەرکوت کردووە، بەڵکو بە سیاسەتی فراوانخوازی و پشتیوانیکردن لە گروپە نیابەتییەکانی لە ناوچەکەدا، هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەکات. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە ئەم رژێمە چاکسازی هەڵناگرێت و تاکە ڕێگە بۆ کۆتاییهێنانی، گرتنەبەری سیاسەتێکی قاتع و بڕیار و توندە کە ئەمڕۆ بە خەڵک و موقاوەمەتی ئێران دەکرێت و پشتیوانیکردنی لە لایەن کەمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

سەرکوتی ناوخۆیی، بەردی بناغەی مانەوەی دیکتاتۆریەت

لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهەوە، سەرکوتکردنی دەنگدانەی هەڵەکانی ئۆپۆزسیۆن، ژنان، کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ڕەشنبیران لە بەرنامەی کاری ئەم رژێمەدا بووە. زیندانە پڕ لە زیندانییە سیاسییەکان و ئێعدامی بەکەمەڵ و سنووردارکردنی توندی ئازادیی قسەکردن و گردبوونەوە، هەمووان ڕەنگدانەوەی پەکهاتەی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتی ئێستای ئێرانە کە بە تیرۆر و تۆقێنەوە و هەناردەکردنی کۆنەپەرستی بۆ دەرەوەی سنووورەکانی ئێران تەواوکراوە.

بەڵام سەرکوتکردنی خەڵک لە ناوخۆی ئێران تەنیا بەشێکە لە ئامرازەکانی مانەوەی ئەم دیکتاتۆرییەتە. رژێمی ویلایەتی فەقیهی هەمیشە بۆ فەڕە و بەڵەنی درێ، هەوڵی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی داوە. خەڵکی ئێران زۆر جار نیشانیان داوە کە بۆ تاکتیکانە فریو نادرێن. خەڵک نەک هەر دەستیان بە ڕاپەڕین کردووە لە دژی ئەم دەسەڵاتە و قوربانییەکی زۆریان داوە، بەڵکو دەستیان لەسەر دەست دانەناوە و بەردەوامن لە بەرنگاربوونەوەی

دیکتاتۆریەت. چونکە نایانەوێت دیکتاتۆریەت لە وڵاتەکەیاندا حوکم بکات. ئەوان خوازیاری ئێرانێکی ئازاد، دیموکراتیک و سەربەخۆن کە لە ئاشتی و پێکەوە ژیان و ئاسایشدا بژیت لەگەڵ وڵاتانیتر و بەتایبەت لەگەڵ دراوسێکانی.

سیاسەتی ناوچەیی و هێرشە جیهانیەکان!

رژێمی ئێران جگە لە سەرکوتی ناوخۆیی، سیاسەتی دەستوەردانگەرانەی لە ناوچەکەدا پەیڕەو کردووە. پشتیوانیکردنی لە تاقمە تیرۆریستییەکان، پارەدارکردن و پێچەککردنی هێزی بە وەکالەت لە وڵاتانی دراوسێ و هەوڵدان بۆ تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە، لەو سیاسەتانەن کە ئێم رژێمە بۆ فراوانکردنی نفوزی خۆی بەکاری هێناوە. ئێم ڕەوشونانە نەک هەر وڵاتانی ناوچەکەی خستووەتە مەترسییەوە، بەڵکو بەرژەوەندییە نەوەوەتییەکانیشی خستووەتە ژێر هێرشەوە.

هێزوستێکی تۆند و قاتع، وەک پێویستییەک لە بەرامبەر رژێمی ئێراندا

ئەزموونەکان دەریانخستووە کە سیاسەتی سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهی تەنیا یارمەتیدەر بووە بۆ بەردەوامبوونی سەرکوتکردن و تاوانکانی ئێم دەسەڵاتە لە دژی خەڵکی ئێران. هەر هەوڵێک بۆ چاکسازیی لەم دەسەڵاتدا مەحکومە بە شکست. چونکە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی هەر لە بنەڕەتدا دژە دیموکراسییە و دیکتاتۆری. بۆیە تاکە ڕێگای کاریگەر بۆ کۆتاییهێنان بەم دیکتاتۆریەتە، گرتنەبەری سیاسەتێکی چارەنووسساز و تۆندە لەلایەن خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. سیاسەتێکی ڕاست و دڕووست، پێویستە پشتیوانیکەری کردەیی بێت لە هێزە دەموکراتیکەکان و بەرخۆدانی ڕەکخراو.

جیاوازیی نێوان سیاسەتی دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری

یەکێک لەو هەڵە ستراتیژییانەی هەندێک کەس و لایەن دەیکەن، بەراوردکردنی دانوستانی هێزێکی ئێرانییە لەگەڵ رژێم یان دانوستانی وڵاتێکی دەرەکی لەگەڵ ئێم رژێمە. ئێم دوو دانوستانە تەواو جیاوازن و نابێت وەک یەک دابنرێن. ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر ڕوونە کە دانوستانی هێزێکی ئێرانی لەگەڵ رژێمی ویلایەتی فەقیهی (هەی سوور)ە. چونکە میتۆدێکی لەو شێوەیە، شەرعیەتدانە بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئایینی. لە کاتێکدا دانوستاندنی وڵاتان و دەوڵەتان لەگەڵ دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهی دەتوانێ هەکاری جیاوازی هەبێت. هەر هێز و لایەنێکی ئێرانی ئێم بەراوردکردنە بکات

یان لاسایی بکاتەوە، زەر هەڕەشەیە. ئەمش هەکارەکە بە ئەوەی لەبەر چی (عەلی خامنەیی) نەک هەر لە بارودۆخی ئێستادا پێشوازیی لە دانوستان لەگەڵ وەاتەکی وەک ئەمریکای نەکردووە و نایکات، بەڵکو هەمیشە خەی لە دوور خستووەتەوە!

ئامانجی دانوستانی رژێمی ویلایەتی فەقیهی، ئەوەندە کاری دانوستاندنی بە دانوستانخوازانی ناوخەی ئێران قورس کردووە کە ناتوانن ئەم شێوازە بکەنە "هەڵەی سوور"ی خەیان و ڕەخنە لە ڕابردووی خەیان بگرن! لەکاتێکدا رژێمی ویلایەتی فەقیهی نەک هەر "دانوستان" وەک ئامرازێک بە کەینی "کات" لە بەرژەوەندی و سەروەری خەیدا بەکاردەهێنێت، بەڵکو بە فریودانی نەیاران و بە لاڵەدابردنی بیروڕای گشتی بەکار هێناوە بە سەپاندنی دووبەرەکی و پەرشوبڵاوی بەسەر ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دوورکەوتنەوە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی توند و بڕەر. کە ئەمش زەر کوشندە بووە. ئەو لایەنانە بەئەوەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی خەڵک نەبنەوە کە لەمێ دانوستان لەگەڵ رژێم، دانوستانکانی حکومەتێکی دڕەکی لەگەڵ رژێمی ویلایەتی فەقیهی وەک پاساو بەکار دەهێنن کە خەی هەڕەیەکی سیاسی گەورەیە.

دڕەئەنجام!

رژێمی ویلایەتی فەقیهی تەنیا بە "سیاسەتی توند و بڕە" دەوخەنرەت. هەشتنەوەی زەمینەی دانوستان لەگەڵ دیکتاتۆریەت، یارمەتیدەر بووە بە مانەوەی دەسەاتی دیکتاتۆری لە ئڕاندا. خەڵکی ئێران زەر جار بە ڕاپەڕین و دڕبڕینی ناڕەزایەتی، ئازایەتیی خەیان لە دژی دیکتاتۆری نیشانداوە و ئامادەن ئەم دەسەاتە فەڕە بدەنە زبڵدانی مێژووەوە. هەربۆیە پێویستە کەمەگەی نەودەوڵەتی سیاسەتی سازان لەگەڵ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی ڕابگرێت و پشتیوانی بکات لە ئازادیخوازانی ئێران. ئازادی و دەموکراسی لە ئێران، نەک بە دانوستان لەگەڵ دەسەاتێکی دیکتاتۆری، بەڵکو بە خەباگری و خەبات و تێکۆشانی توند و بڕەر لە دژی دیکتاتۆریەتی ئایینی بەر دەگرێت و بە ئامانج دەگات، کە ئەوەش بە دانپێدانانی مافی ڕەوای بەرخەدان بە خەڵکی ئێران دەگاتە لوتکە!

عەبدوەڵڕحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

شتێک هەیە.. شیعری شەهلا نوری

چ ئاوازێک
بە نێتە ووە لە دەرگای ژەنگاوی
سینە وەرانم دەکا
زەمزەمەی سەبام لە نەوی دەکا
بەنەرم و ناسک پەروازە دەدەن
لەخەڵا بە لەرەی ژەی کەمان
ڕوحم یاری دەکا
لە گوڵاڵە سوورەی دەشتی دەمدا هەڵاژیان ئاوازی نەرگزی چاوەستی شیعرم
شەمزان
لەسەر شەستەی وەهم،
بەیانێ
بە خەخاشەی دەم
ئاوازی ئاواتەکانم دەکەشن...
مینا کتێبی بەرگ جوانێ،
چاو ڕاکێشێ، گورج دەفڕشا...
بەردی ڕەشەن تەنگی گەی چەم
جەم بکەن
گەزێ بشکێنن ، ئاو بژێنن .
دارێ تووم بتەکێنن
مەزەی شەخیم، لالەزارم بەچ دەوەرەن
یادەوەریم بقرتێنن
بیرەکەم ماندوو مەکەن !
لەسەر یادەوەرییەکانم
ڕامەکشێن
شتێک هەیە ماندووم دەکات
لایێ لایەی خەمکانم
نوێ دەکاتەوێ
بەزارم دەکا
لەم هەوار بێ ئەو هەوار
لەم گرد بێ ئەو چاەم دەبا

شتێک هەیە ئازارم
دەدات
شتیک هەیە

شەهلا نوری

ئازیز.. شیعری نەوزاد بەندی

کە لەم ونبوویت ،
ئەوندە بە دواتا گەڕام ،
هەموو ئەو شتانەی
ساڵەها ونم کردبوون ،
دەزیمنەوە ..
بەس تەنها تەم نەدەزیەوە ..
وەک ئەو پاشایەی
نقەمی موستیلەکەی ئەکەوت و ..
دەست و پەوەندەکەی
لەگەڵ اندا ،
هەزاران نقەم و تاج و
مەدالیای ئازایەتیی و
بزمار و فیشەک و تیر و
ملوانکە و ئەڵقە و موستیلە ئەدەزنەوە ،
بەجگە لە نقەمی پاشا ..
زانیم چەند کەس
ناوی تەیان هەڵگرتووە و ..
چەند کەس
پیشەکەی تە ئەکەن ..
چەند کەس تەیەتا کەلای
هایبردیان هەیە و
چەندیشیان
حەزیان لە قاوەی سادەیە و
لای پەنجەرەکەدا نەبە،
دانانیشن ..

سەفەر ناکەن ..
بەم دەرکەوت چەندیان دووشەممان ،
وون ئەبن و ..
لە کەشکەکی داوخاوی باپیرەدا ،
تەماشای تەنیایی و
گۆڵەی کۆڵی
درەختەکان ئەکەن و ..
چاوەڕێن ، بەکو ..
هابوردوو ،
بە قاتەکی ڕەش و
کراسەکی سپی و
بەینبانخەکی تاریکی
کونج کونجەوە ،
لە دەرگا بات و بەتە ژوور ..
شەوکەوت ڕەشید بە کلارنەتەکەوە ،
بە ئازاد مەولود بۆ ئای هاوڕێ
چەن خزمەکەی دەی دە ڕۆگات پە بگرێ ..
ئەویش بۆ
دە پارچە قوماشکی سوورە ،
چیت بوە لەی دروست ئەکرێ ..